ر.قازی و ع.گلاویژ

۳۰-مین سالی بزوتنه وەی پیروزی ۲-ی ری‌بەندانی گەلی کورد

بانەمەری ۱۳۵۵

سی‌امین سال نهضت پرافتخار
۲ بهمن خلق کرد

کورد خلقینین افتخارلی ۲ بهمن
نهضتینین ۳۰نجی ایلدونومی

فروردین ۱۳۵۵

هەواڵنامەی کیف

ئاوریك لەرابردو

گەلی کورد بەدریژایی میژوی‌خوی لەدژی زورداران، لەپیناوی ئازادی وبەختیاریدا تیکوشاوە.وەکوهەمو وەلاتیکی‌تر لەکوردستانیشدا بروای بی‌پایان بەئازادی، کەلەپیداویستەکانی‌ژیانی گەلەوە پیدادەبی. هەمیشە سەرچاوەی هیزی‌خەبات وخوراگریی ئەفسانەیی‌بووە. گەلی تیکوشەری کورد لەبەرانبەرهیچ‌پەلامارو کویرەوەری یەکداکولی نەداوە وبەدەست و دلاوایی‌یەکی بی‌وینە بوئازادی قوربانیی داوە.

ئەم‌گەلە کولنەدەرە ئەگەر لەلایەن دوژمنانەوە هەزارویەك بوختانی بوهەلبەسرابی لەلایەن دوستان وکورو کومەلانی پیشکەوتوی جیهانەوە گەورەترین ریزی‌لیگیراوە. ئەگەر ژمارەیەك کولەمیرزای خوفروش کوردیان بە«تالانگەر» و «منداڵی‌دیوودرنج» ناوبردبی پیاوانی گەورەی گەلەدەراوسیکان‌کوردیان‌بە «شورەسواری روژهەلات» زانیوە.

ژیانی سیاسیی کوردستان بەدریژایی چەندین‌سەدە لەژیر سەروکایەتیی بی‌شەریکی چینی دەرەبگ‌و عەشیرەتدابو. ئەمچینەو سەردارانی عەشیرەتی، کەبی‌شك جاروبار خزمەتیان بەگەل‌کردووە و پیاوانی نیشتمان‌پەروەریان تیداهەلکەوتوە، لەبەر بەرتەنگیی قازانجی چینایەتیی خویان هیچ‌کاتیك نەیان توانیەوەتاسەر خەباتی گەلی‌کورد بەریگاییکی دروستدابەرەوپیش‌بەرن. کومەلانی مەزنی‌کوردبەهەزاران و دەهەزاران قوربانی‌یان داوە.بەلام لەمهەمو فیداکاریە نەتیجەییکیان دەست نەکەوتووە. بەمجورە، لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا جیالە کوردستانیکی لەت‌کراولەهەرلەتیکدا گەلیکی دیل‌ودست بەستراو هیچی‌تر نابینین.

بەلام سەرەتای سەدەی‌بیستەم ئەوسەردەمەیەکە سەرمایەداریی

جیهانی پی‌ی‌له ژوروترین‌و ئاخرین‌پله‌ی‌خوی، یانی‌پله‌ی ئیمپریالیزم داناوه. له‌م‌پله‌یه‌دا له‌ئیرانیشدا پەره‌سندنی سه‌رمایه‌داری توندوتیژ- تربو و وه‌لات له‌باری ئابوری و سیاسیه‌وه کردوکوتربووه. ئه‌م‌به- سه‌رهاته له‌ژیانی کوردستانیشدا ئالوگوریکی گرینگی‌پیك‌هینا. ئه‌و حکومه‌ته موحه‌للی‌یانه‌ی‌که له‌کوردستاندا هه‌بون (له‌وینه‌ی‌والیی ئه‌رده‌لان، سانی‌هه‌ورامان، میری‌موکری، خانی‌بانه‌وهی‌تر) یيك‌به‌دوای‌ییکدا تیداچون. عه‌شیره‌ته‌کان بی‌هیزبون وبورژوازیی ساوای‌کورد، زورکه‌م‌و به‌رته‌نگیش‌بی، ده‌رفه‌تی پەره‌سه‌ندنی وه‌ده‌ست‌که‌وت. شاری‌نیوه بورژوایی له‌ژیر ده‌سته‌لاتی‌دیی ده‌ره‌به‌گی تاراده‌ییکی زورنه‌جاتی‌بو. له‌گه‌ل ده‌ره‌به‌گایه‌تی‌ی کوردستان ئیدیولوژیی جیاوازی‌خواریی (سیپاراتیزمی) ده‌ره‌به‌گی هه‌تاهات کزتربو وله‌جیی‌وی ئیدیولوژیی ناسیونالیزمی بورژوایی له‌ژیانی گه‌لی‌کورددا ره‌خنه‌ی‌کرد. به‌لام له‌به‌ر بی‌هیزیی سه‌رمایه‌داری له‌کوردستان ئه‌م‌ئیدیولوژیه هیچ‌کاتیك‌نه‌یتوانی له‌جولانه‌وه‌ی گه‌لی‌کورددا دسته‌لاتی ئه‌وتو وه‌ده‌ست بهینی. ئه‌م تی‌په‌رینه‌ی کوردستان له‌سه‌ده‌کانی‌ناوه‌راسته‌وه بوسه‌رده‌می‌نوی‌بی‌شك ریبازیکی پیشکه‌وتوبو.

جولانه‌وه‌ی رزگاریی نه‌ته‌وایه‌تی له‌کوردستاندا پەره‌ی‌ده‌کرت. دیاره‌ئه‌م جولانه‌وه‌یه‌که فاکتوریکی به‌هیزی روژهه‌لاتی ناوه‌راسته. همیشه نه‌زه‌ری هه‌مو لاییکی‌بو لای‌خوی کیشاوه. چینی‌ده‌ره‌به‌گی کوردستان هه‌میشه ویستوبه له‌م‌جولانه‌وه‌یه‌بو قازانجی‌خوی سودوه‌ر بگریت که‌له‌گه‌ل قازانجی گه‌لی‌کوردییك ناگریته‌وه. ئیمپریالیزمیش هه‌میشه هه‌ولی‌داوه ودیسان‌هه‌ول‌ده‌دات که‌له‌ژیانی سیاسیی کوردستاندا نفوزبکات وئاواتی ئازادیخوازیی ئه‌م‌گه‌له‌بکات به‌ئاله‌تی سیاسه‌تی خویناوی ودژی مروایه‌تیی‌خوی. شوونیزمی دسته‌لاتداری ئیرانیش بی‌وچان تیده‌کوشیت له‌بیخه‌وه حاشاله وجودی نه‌ته‌وه‌ی کورد بکات‌و به‌ئاگروئاسن وفیل‌وته‌له‌که له‌نیوانی لابه‌ریت. به‌لام‌به پیچه‌وانه‌ی

لەسالەکانی دوایی‌ی دستەلاتەکەیدا لەگەل ئالمانی هیتلیری پیوندی دامەزراند و ئیرانی کرد بەمولگەی جاسوسانی فاشیزم بەمجورە هەم فاشیزم لەئیراندا رەخنەی کردومافەدیموکراتیکەکانی گەل پترپی‌شیل کرا وهەم دەولەتی ئیران لەسیاسەتی بی‌لایەنی بەجاری لای‌داو وەلاتی‌ئیران تیکەلاوی ئاژاوەی فاشیستەکان کرا.

لەسەردەمی دیکتاتوریی رەزاشادا بوجاری یەکەم لەمیژوی ئیراندا ستەمی نەتەوایەتی بوبەسیاسەتی رەسمیی دەولەت. زمانی‌زگماکیی نەتەوەغیری فارسەکان قەدەغەکرا. بەبیانوی کلاوگورین، یەك‌کردنی بەرگ (اونیفورم)، نیشتەجی‌کردن (تەختەقاپو) وهی‌تر نەتەوە غەدرلیکراوەکان بەزورداری دەکران بەفارس، ری‌وشوین و فەرهەنگ ومیژوی نەتەوایەتی‌یان‌سوکایەتی‌پی‌دەکرا. جیالەژمارەییکی زورکەم دەرەبگ و سەرمایەداری گەورە وئەو کەسانەی‌کە ویجدانی خویان‌بە مەنسەبی وەکالەت و وەزارەتی رەزاشا فرشتبو تەواوی دانیشتوانی کوردستان وەکو خەلکەکانی‌تری ئیران لەژیر پەلاماری رژیمی دیکتاتوریدابون. سنەیی وسابلاخی‌وکرماشانی وبانەیی، شکاك‌وجەلالی، مەنگور وپژدەری،هەورامی‌وجوانرویی، بەگزادە وسەنجابی–بەگورتی شاریك و عەشیرەتیك نەماکە رەزاشا بەجوریك هیرشی بونەبات. مەسەلەن، سالی ۱۳۱۸ لەعەشیرەتی جەلالی ۱۲.۹۰۰کەس بە٤٥ هەزار سەرمەروبزن، ٤هەزارسەر رەشەولاخ، ۲هەزارییك‌سمو ۱٥۰ سەروشترەوە بوخوررەم‌ئاباد و سولتان‌ئاباد (ئەراك) تەبعیدکران. پاش روخانی رەزاشا لەمانە تەنیا ۷۰۰کەس بەچەند سەرییك‌سمەوە بەسلامەتی بوکوردستان‌گەرانەوە. باقی‌هەموی‌لەتبعید مردبووتیداچوبو. رەزاشا سەرکردەکانی عیلی‌کەلهوری بەدیل‌گرت، زەوی‌وزارەکەیانی بەزور داگیرکرد وکردی‌بەمولکی شەخسیی‌خوی وسەروکەکەلهورەکانی ١٤سال لەحەبسدا راگرت. نزیکەی ٥هەزارمالەکەلهور لەدەستی‌ستەمی رەزاشا بوعیراق وجیگای‌تر پەرەوازەبون.

ئەمنیەی رەزاشا و کاربەدەستە رەنگاورەنگەکانی بیدادیان دەکرد. بەدەست ئەم زوردارانەوە خەلکلەناومالی خویدا غەریببو. ژمارەییك دەرەبەگی مفتەخور کەلەگەل ئوستاندارو سەرلشکرەکان هاوپیالەبون دەمیان لەخوینی کرمانجیهەژارهەلژاندبو وبەناوی‌دەودو، خەرج‌وپیتاك. بیگاروسوغرە وهی‌ترژیانی سەدهەزاران جوتیاری رەنجبەریان‌تال‌کردبو.

رەزاشا کاتیك‌کە خەرمانانی ۱۳۱۰ بوجاری سی‌یەم‌هاتە کوردستان کاتی دیدار لەگەل عەیان وئەشراف ومەلایان لەشاری سنە بووەپاش‌ـ کەوتوییی کوردستان گەلیك ئاخوداخی خوارد وگفتی‌داوگوتی: «تائیسلاحاتی کوردستان بەتەواوی جی‌بەجی‌نەکریت من‌جاریکی‌تر بو کوردستان ناهیم». بەلام‌ئەمانەهەموی‌قسەی بەتال و عەوام‌خەلەتینی‌بو. جیالە کارخانەی نەوتی‌کرماشان‌کەهی کومپانیی ئینگلیس بودچەند کارخانەییکی پچوکی جولایی‌و چەندکورەی ئاجورو چەندپرد(ئەویش بوئامانجی لەشکرکیشی) لەسەردەمی رەزاشادا هیچ‌جورە سەنعاتیك لەکوردستان دروست‌نەکرا. گەزیك‌ریگای‌ئاسن نەکیشرا. ریگاشوسەکان نیوەی سال‌لەبەر قورو بەفروسیلاو دەبسترا.

حاجەلیی رەزم‌ئارا کەلەدەزگای حکومەتی پەهلەویدا مەقامی زوربەرزی لەشکری‌وکیشوەریی‌بولەسالی ۱۳۲۰ لەجلدی «کوردستان»ـی «جوغرافیای نیزامیی‌ئیران»ـدا پاش گیرانەوەی لەشکرکیشیەکانی رەزاشا بوکوردستان بەدەباخیکی بەرزەوەنوسیبوی: «پادگانەکانی ئەرتەش لەجیگاپیویستەکان جیگیربون وئەم‌عەمەلیاتە بەپایانی کاری کوردستان دەژمیردریت...» بەلام بەپیچەوانەی واتەی رەزم‌ئارا «کاری‌کوردستان» نەك‌هەرپایانی‌نەهات. بەلکو بەتەوژیمیکی‌هزارجار پترەوە وبەناوەروك وسروشتیکی تەواوتازەو شورشیەوە هەلەستونی هیناوە. ئەوەی‌کە پایانی‌کاری‌هاتبوودەبوودەمەونخون بیتەوەدیکتاتوریی خویناویی رەزاشابو.

٢ـنوختەی وەرگەرانی میژوی گەلی کورد

٣ـیخەرمانانی سالی ١٣٢٠ییکەتیی شورەوی بەئامانجی تیکدانی پیلانی فاشیستەکانی ئالمان وبەپیی پیکهاتی ١٩٢١ـیئیران وشورەوی بەشە هوردووەکانیخوی هیناخاکی ئیرانەوە. دەمو دەزگای رەزاشاکە هاوکاری فاشیستەکانی ئالمانو دیکتاتوریخوینخوری ئیرانبو تیکروخا. دەولەتی ئینگلیشس هەرلەوکاتەدا بەشمە هوردوەکانی خوی بو ئیران هاندا. بەگویرەی پیکهاتی ٨ـیسیپتامبری ١٩٤١ـینیوانی شورەویو ئینگلیس بەشی جەنوبی کوردستانی ئیران کەوتە ژیردەستەلاتی هوردوی ئینگلیسمەوە و چەند مەلبەندیکی بەشی شیمالیخرا مەنتەقەی هوردوی شورەوەیەوە. بەلام بەشی زوری مەلبەندەکانی بەشیشیمال، یانیشنو، لاجان، نەغەدە، مەهاباد، سەردەشت، سەققز، بانە، بوکان، چومی مەجیدخان و هیتربە مەلبەندی بیلایەن راگەییندران وبەگویرەی پیکهاتەکە دەبو لەژیر دستەلاتی دەولەتی ئیراندابن.

بەروخانی دیکتاتوریی رەزاشا لەئیراندا دیموکراسی ییکیینیسبی دامەزرا. دەرگای گرتوخانەکان کرانەوە و ژمارەییکی زورلەرولە شورشگیرو ئازادیخوازەکانکە سالهالە حەبسوتەبعیدی رەزاشادابون ئازادکران. مانگی رەزبەری ١٣٢٠ حیزبیتودەیئیران وەکو حیزبی مارکسیستیـلینیستیچینیکریکاری ئیرانو وارثیحیزبی کوممونیستی ئیران دامەزرا. هەزاران کریکار، سەنعاتکار، بیروناك، جوتیار، وهیتر چونە ریزیئەم حیزبەوە ولەئیراندا هیزیکی سیاسیی گەورەی شورـ شگیریان پیكهینا. هەرلەم کاتەدا هەزاران کوردی گیراو وکوچاندراو بوجیگای خویان گەرانەوە. زوربەی چەكو قورخانەی بەشەکانی ئەرتەشی شاهەنشاهی لەورمیو مەهاباد وبانەو سەققز وخویسەلماس و سنە کە لەبەسەرهاتەکانی خەرمانانداراییانکردبو وەچنگ کوردان

کەوت. گەلی کورد بەدلیکی پرلەقینەوە خوی‌بوتو لەسەندن لەهیزە کونەپەرستەکان ئامادە دەکرد.

لەمدەرفەتە گرینگەداکە میژوپیکی‌هینا لەژیانی سیاسیی کوردستاندا دومەیلی جیاواز بەئاشکرایی‌خوی دەنواند. یەکیك مەیلی دەست‌پیکردنەوەی خەبات بەشیوەی کونی‌عەشیرەتی‌بو. گەورەترین بەسەرهاتی لەمچەشنە شەرەکانی‌حەمە رەشیدخانی‌قادرخانزادە بوکەلەپائیزی ۱۳۲۰ـوە تاناوەراستی بەهاری ۱۳۲۱ لەمەلبەندی بانە و سەققز و دیواندەرە وساحیب و هی‌تر لەدژی ئەرتەشی شاهەنشاهی روی‌دا. لەم شەرانەدا ژمارەییکی زورکورد و سەرباز کوژرا و ئەم مەلبەندانە چەندجار تالان‌کرا. بەلام‌گەلی کورد هیچ نەتیجەییکی دەست نەکەوت. ئاخری حەمە رەشیدخان حوکمی بەخشداریی بانەو پارەو کوپونیکی زوری لەدەولەتی ئیران سەندوپاش ماوەییك دانیشتن لەبانەئەم شارەشی بەسوتاوی بەجی هیشت و بووینەو داروخانی مولکی خوی لەسنوری عیراق‌گەراوە. ئەم‌بەسەرهاتە وەکو ئاخرین تاقی کردنەوە بەروناکی ئیسباتی کردکەتاقمی دەرەبگ وعەشیرەتەهەرچەند جاروبار پیاوی تیکوشەری لی‌هەلدەکەوی‌بەلام‌ئیتر‌ناتوانی سەروکی بزوتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی‌کوردبی. دەبوگەلی کورد ریگای نوی‌بوخوی بدوزیتەوە. لیرەوە مەیلی دووەم سەری‌هەلدا کەبریەتی بولەریگای خەباتی ریك‌وپیکی شورشگیرانەی کومەلایەتی. دەستەی پیشکەوتوی ئەم بیرەنوی‌یە بیروناکانی مەهابادبون‌بەسەروکایەتیی رولەی‌کولنەدەری گەل قازای محەممەدی نەمر.

لەئەنجامی تیکوشینی ئەم بیروناکە نیشتمانیانەدا جاری یەکەم ۲۹ـی دیسامبری ۱۹٤۱و جاری دووەم ۱ـی‌نوامبری ۱۹٤۲ لەشاری مەهاباد لە«مەحکمەی‌قازی» کوبونەوەی بیرروناکانی نیشتمان‌پەرستی مەهاباد و سەروك ونوینەرانی‌عەشیرەتەکان‌پیك‌هات. لەم‌کوبونەوانەدا جیالە باس‌کرانی‌پیویست‌بونی‌یەکەتیی عشیرەتەکان، کەکونەپەرەستی

هەولی دەدا بەگژییکیاندا بکات وتالانوبرو دابنی. گەلیك مەسەلەی سیاسیش ولەوریزە مەسەلەی موناسیبات لەگەل ییکەتیی شورەوی باس کرا. لەمبارەیەوەقازیمحەممەد لەویدا کوتبوی: «پاشسەرکەوتنی شورش مەزنی ئوکتبرلەروسیەوسازبونیییکەمیندەولەتی سوسیالیستی لەخەباتی گەلی کوردیشدا لەرەگوریشەوە ئالوگور بەعەمەل هات. تیشکی شورشی ئوکتوبر عاسمانی کوردستانیشی روناك کردەوە. ئیستیعمار روزی هەولداوە نەتەوەکەمان لەمتیشکە وەدوربخات:بەلام کاریکی پینەکراوە. ئەورو نەتەوەی کورد بەلەبەرچاوگرتنی شوینی جوغرافیاییی خویو دابەشکرانیلەهەمو نەتەوەییکیدنیا لیقەوماوتر وپاشکەوتوترە. بەلام لەلاییکیترەوە زور بەختیارەو هومیدیکیگەورەی بەدواروژی روناکیخوی هەیە. چونکە پشتو پناییکیوەك ییکەتیی شورەویی هەیە. نەتەوەیکوردئەگەر ییکەتی و رزگاری وسەربەستیی دەوی دەبی بەتوندی دەستیییکەتیی شورەویی مەزنبگریت. لەمە زیادتر ریگاییکی ترنیە...» لەکوبەنەوەی ١ـیتوامبری ١٩٤٢ـدابە هاودەنگیەوە بریاریك پەسندکرا گەلەراستیدا بووە بەرنامەی کاری ئەوسەردەمە. بریارەکە ئەمەیە:

«١ـتەواوی گەلیکوردستان ییکەتیی شورەوی بەپشتیوانی خویان دەزانن و ئامادەن بوهەمو چەشنە فیداکاری و تیکوشینیك بەئامانجی بەهیزکردنی ییکیەتی شورەوی لەشەری دژیفاشیزمی ئالماندا؛

٢ـتەواوی عەشیرەتەکان لەمکاتەوە هەموجورە ناکوکییییکی ناوخویان وەلادەنین وتیدەکوشین لەهیچلاییکەوە ریگابەکارەساتیك نەدەن کە هویناکوکی پیكبهیینی؛

٣ـتەواوی بەشدارانی کوبونەوە نارەزایی خویان بەرانبەر بەکارەساتی تالانوبرووجەردەیی دەردەبرن و هەرکەسیك دەستبەتالان وبروبکات دەبی لەلایەن بەشدارانی کوبونەوە تەنبیبکریت؛

٤ـ هیچ‌یك لەنوینەرانی ئەم‌کوبونەوەیە حەقی‌نیە بەجیاوازی و بەبی‌پرسی لەگەل دەولەتی تاران پیوەند رابگریت...»

پشت‌بەستن بەیەکەتیی شورەوی‌لەجولانەوەی گەلی‌کورددابەسەرهاتیکی زورگەورەبو و سروشتی ئەم‌جولانەوەیەی دیاری‌دەکرد. نەك هەرلە کوردستانی ئیران، بەلکو لەبەشەکانی‌تری کوردستانیش ئەم‌بەسەرهاتە بەدلخوشی و هیواییکی گەورەوە پیشوازی لیکرا. شیخ مەحمود کەلەمیژوی خەباتی گەلی‌کورددا دەوریکی بالای‌هەیە و تەجروبەییکی تالی‌لەسیاسەتی‌ئینگلیس‌دیوە لەئاخری سالی ١٩٤٢ـدا لەنامەییکدا بوقازی محەممەدی نوسیبو: «...برایانی‌من، ئاگادارتان دەکەم ولیتان دەپاریمەوە کەجیالە یەکەتیی شورەوی بەهیچ کەسیکی تربروامەکەن...بەتوندی وپتەوی دەستی یەکەتیی شورەوی بگرن، چونکە تەنیاوتەنیلەدەولەتی شورەوی پشتیوان و رزگاری‌هینەری راستەقینەی تەواوی نەتەوەبەشخوراوەکانە...»

هیزەپیشمەوتووەکانی کوردستان لەنەتیجەی ئەم‌کوبونەوانەدا توانی‌یان پیشی خوین‌یژی وبراکوژیی ناوخوبگرن‌وریگای پەرەسەندنی دیموکراتیك و شورشگیرانەی ژیانی سیاسیی کوردستان پترروشن بەکەنەوە.

پەرەسەندنی جولانەوەی رزگاریی نەتەوایەتیی گەلی‌کورد پیویستی‌بە ریکخراوەییکی سیاسی‌بو کەبتوانیت لەروی بەرنامە و سیاسەتیکی پیشکەوتو و شورشگیرانەوە بەسەرئەم جولانەوەیەدا رابەری بکات. لەوسەردەمەدا لەکوردستان «کومەلەی‌ژ.ك.» دەستی بەتیکوشین کرد. ١٣ـی‌مانگی مەی‌سالی ١٩٤٣ لەئەشکەوتی کیوی «قەلای‌سارم» لەنزیکی مەهاباد بەبەشداربونی ٢٥ کەس یەکەیین کونگرەی «کومەلەی‌ژ.ك» پیکهات. لەم‌کونگرەیەدا بەرنامەی سیاسیی کومەلە وبریاریکی تایبەتی لەبارەی پیویستبونی پشت‌بەستن بەیەکەتیی شورەوی پەسندکرا. لەمانگی ژوئەنی سالی ١٩٤٣ـدا

یەکەم ژمارەی گووارى «نیشتمان» ئورگانى «کومەلەی ژ.ك.» لەچاپ دەرچو.

«کومەلەی ژ.ك.» وەك ریکخراوەییکی سیاسیی نەتەوایەتیی دیموکراتیك لەبەرەپیدانی خەباتی دژی فاشیزم لەکوردستاندا، لەبەرەژور بردنی بیروباوەری شورشگیری وبوژانەوەی نەتەوایەتی لەناو زوربەی گەلدا. لەوەروخستنی دیوی ئاوەژوی سەروك عەشیرەتە نیشتمان-فروشەکان و خائنانی ژورەوەی کوردستانو ئیفشای مەوهومات دەوریکی زورگەورە وگرینگی بو. کومەلە لەماوەییکی کورتدا توانیی لەبەشی زوری مەلبەندەکانی کوردستان، بەتایبەتی لەلادی لکی خوی دابمەزرینیت. کاتی هەلبژاردنی دەورەی ١٤-ی مەجلیس لەئەنجامی تیکوشینی کومەلەدا نیشتمان پەرەستی بەدیمەن ئەبوالقاسمی سەدری قازی بەنوینەری مەهابادەلبژیردراوچەند سەروك عشیرەتیکی زوردەولەمەندو خوفروش کە لەلایەن دەولەتەوە کاندیدکرابون توشی شکست بون. سەدری قاضی وەك نوینەری راستەقینەی گەل لەمجلیسدا لەگەل فراکسیونی حیزبی تودەی ئیران هاوکاریی کرد. لەمەجلیسی ئیراندا ئەمەییکەم جاربو کەبەبەشداریی نوینەری کوردستان لەبەرانبەر بەرەی ییك گرتوی هیزەکونەپەرەستەکاندا بەرەی ییك گرتوی نیشتمانی پیك هات.

لەنیوەی دووەمی سالی ١٩٤٤-داکاتیك کەدەولەتی ساعید بە ئەسپاردەی ئیمپریالیزمی ئامریکا و ئینگلیس سیاسەتی دژی شورەوی پەرەپیدا وەکوهەموجیگاییکی تری ئیران لەکوردستانیش بەرابەرایەتیی «کومەلەی ژ.ك.» بزوتنەوەییکی هەمولایی دەست پیکرا. لەمیتینگیکی چەند هەزار کەسیداکە لەمەهابادبەریوەبرابەپیشمنیاری کومەلەبریاریك پەسندکرا کەلەویدا نوسرابو: «... گەلی کورد بەچاکی دەزانیت کە دەولەتی شورەوی بورژگاریی گەلانی ژیردەست وبەشخوراوە پشتیوانیکی گەورە و پتەوە لەبەر ئەمەئیمە بەئەرکی سەرشانی خومان دەزانین لەهەمولاییکەوە بوپاریزگاری لەییکەتیی شورەوی تی بکوشین. چونکە

پیشگەوتن و سودی دەولەتی شورەوی پیشگەوتن وسودی ئیمەیە...»
لەپال خزمەتە بەدیمەنەکانی «کومەلەی ژ.ك.» بەجولانەوەی رزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کورد، لەکاروکوشتی کومەلەدا کەمیو گورتیش زوربو. مەسەلەن:١) دروشمی بنچینەیی‌ی سیاسیی کومەلە دروشمی «دامەزراندنی کوردستانی‌مەزن» بوکەبی‌شك دروشمیکی هەلەبو. ٢) کومەلەلەسەرمەسەلەی پیوەندی‌نیوانی‌چینەکانی کوردستان ریگاییکی هەلەی گرتبووەپیش. لەهەل و مەرجی ئەوسەردەمەی کوردستاندا سیاسەتی دروست بریەتی بولەمەکە لەپال پشت‌بەستن بەکومەلانی رەنجبەردا بەرەی یەك‌گرتوی تەواوی هیزوچینەکانی نارازی لەدەولەتی کونەپەرەستی‌تاران ودژی ئیمپریالیستی پیك‌بیت. بەلام کومەلە بەبی‌تەفاوەت‌دانان بەتیکرایی پەلاماری دەبردەسەرشیخو مەلا و خاوەن‌مولك‌وعەشیرەت ووەك‌دوژمنی‌گەلی کورد تەماشای‌دەکردن. ٣) کومەلە نەیتوانی لەسنوری زیانی سیاسیی کوردستان بچیتەدەر وبو نزیك بونەوەلەگەل هیزە پیشگەوتوەکانی ئازەربایجان وبەتایبەتی لەگەل حیزبی‌تودە ئیران هیچەنگلویکی هەلنەهیناوە.لە حالیکداکە ئەمە پیویستیکی نیشتمانی‌بو. ٤) تەبلیغاتی‌نەتەوایەتیی لەرادەبەدەری «کومەلەی ژ.ك.» هیندی‌جار لەروی کەم‌بەرجەوەندیی بەریوەبەرەکانیەوە کاری دەگەیاندە سنوری ناسیونالیزم و هەلایساندنی تورەیی بەرانبەر بەنەتەوەی خاوەن دەستەلات؛ لەحالیکدا کەکومەلانی مەزنی نەتەوەی خاوەن دەستەلاتیش لەژیر ستەمی دەولەتی کونەپەرستی تاران و ئیمپریالیزمی داگیرکەردابون ولەبەر ئەمە دوستو هاوریی گەلی‌کوردبون. ٥) جیالەم‌کەمیو کوریانە کومەلەهەرلەنهینیدا بوولە هەلو مەرجی نهینیدا سەروکایەتیی بزوتنەوەییك‌کەداخلی پلەی‌راستەو خوی خەبات ودەستەلاتی سیاسی ببوکاریکی مەحال‌بو.
سەرکەوتنی ییکەتیی‌شورەوی بەسەرفاشیزمی ئالمانو میلیتاریزمی ژاپوندا سەرەتای چەرخیکی نویی‌لەمیژوی مرووایەتیدا دانا.سوسیالیزم

کەتائەوکاتە تەنیا لەییکەتیی شورەوی دامەزرابو لەچەندین وەلاتی ئوروپا و ئاسیادا پەرەیسەند وبوبە سیستمی جیهانی. سەدها میلیون خەلکی موستە عمەرات بووەدەستهینانی ئازادی لەدژی ئیمپریالیزم راپەرین. بزوتنەوەی کوممونیستی وکریکاریوەلاتە سەرمایەداریەکانی داگرت. لەئیرانیشدا خەباتی گەل بەسەروکایەتیی حیزبیتودەی ئیران و ریکخراوە نیشتمانی وپیشکەوتووەکانیتر پەرەی دەسەند. بەلامهەر لەمکاتەدا کونەپەرستی و ئیمپریالیزمیش بوپیشگری لەشکانی ییکجاریی‌خوی وەهەول کەوتبو.هەرلەبەرهای ١٣٢٤ـوە دەرباری شاو ئیمپریالیزمی ئاغایوی بوتەیارکردنی هیزەکانیان وەخوکەوتن. خویان ئامادە دەکردکە هەرکە هەلومەرجیسەردەمی شەرگورا بەزەربەییکی ئەوتو جولانەوەی شورشگیری لەئیراندا ریشەبرکەن. بەمئامانجە لە سەرتاسەری ئیرانپەلاماری‌کونەپەرەستانو دەولەتیتاران روژبەروژ پەرەی سەند. لەمحالەدا کوردستان و ئازەربایجان کەخاوەنی دەرەتان و دەرفەتیکی تایبەتیبون (ئیمپریالیزم نەیدەتوانی راستەوخوهیرشی چەکدارانە یان بوبهینیت) وەکو گرینگترین سەنگەری بزوتنەوەی دیموکراتیك و دژی ئیمپریالیستیی ئیران لەبەرانبەر پەلاماری کونەپەرەستاندا راپەرین.

لەم حالەدا ئیتر «کومەلەیژ.ك» لەبەر ئەوکەمیو کوریانەیکە لەکاریابو نەیدەتوانی سەروکایەتیی خەباتی گەلبووەدەست هینانی دەستەلات بکات. دەبوریك خراوەییکی سیاسیی نویدابمەزریت‌کەئەو کەمی وکوریانە لەنیوان لابەریت و خەباتیگەل بەرەوپیشببات.

٢٥ـیگەلاویژی ١٣٣٤(١٦ـئوتی١٩٤٥) بەئیمزای ٧٢کەس لەنوینەرانی چینوکورە شورشگیرو دیموکراتیکەکانی کوردستانلەمەر دامەزرانی ئەم ریکخراوە تازەیەـحیزبی دیموکراتی کوردستانـ ئاگاداری بلاوکراوە. لەمئاگاداریەدا گرینگیی سەرکەوتنی ییکەتیی شورەوی بەسەر فاشیزمدا بوگەلەکانی جیهان. ژیانیتالیگەلیکورد لە

ماوەی دیکتاتوریی رەژامادا ومیژوی خەباتی گەلی کورد بەکورتی راگەیاندرابو. باسی پیویستبونی خەباتی ریك‌وپیك ودامەزراندنی ریکخراوەی سیاسی هیندرابووەتەگورو نوسرابو:

«هاونیشتمانانی خوشەویست! پیویستەئەمەبزانن کە حەق‌نادریت، بەلکوده ئەستیندریت. بوئەمەی حەقی‌خومان، دستەلاتی نەتەوایەتی و موحەلیلی خومان‌وەدەست‌بخەین‌دەبی‌خەبات‌بکەین. بوئەم‌خەباتەییکەتی وییك‌گرتن پیویستە: بوئەمەیش ریکخراوە وپولی پیشرەوپیویستە.

دامەزران ودەست بەکاربونی حیزبی دیموکراتی کوردستان‌لە مەهەباد بوئەم ئامانجە بەرزەیە...»

لەم‌ئاگاداریەدا دروشمەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان‌بەم‌جورە راگەیەندراون:

«١) نەتەوەی کورد لەداخلی ئیراندا بوهەلسوراندنی کاروباری ناوخوسەربەخوو ئازادبیت‌ولەناوسنوری دەولەتی‌ئیراندا نەتەوەی‌کورد خودمختاریی‌خوی بخاتەدەست خویەوە:

٢) مافی خویندنی بەزمانی‌زگماکیی‌خوی ببیت‌وتەواوی کاروباری ئیدارەکان بەزمانی کوردی بەریوە ببردریت:

٣) لەسەر بنچینەی قانونی ئەساسی‌بەزو یی ئەنجومەنی‌ئەیالەتی‌و ویلایەتی‌ی کوردستان هەلبژیردری وبەتەواوی کاروباری دەولەتی و کومەلایەتی رابگات‌و چاودیریی بەسەردابکات:

٤) کاربەدەستانی دەولەت دەبی‌بەبی‌قسە لەخەلکی موحەل‌بن.

٥) دەبی لەسەربنچینەی قانونیکی گشتی لەنیوان لادیی‌وخاوەن‌مولکاندا پیکهات پیك‌هیندریت و دواروژی هەردوك‌لا دابین‌بکریت:

٦) حیزبی دیموکراتی کوردستان لەخەباتی خویدا تیدەکوشیت لەگەل تەواوی گەلەکانی دانیشتوی ئیران. بەتایبەتی لەگەل گەلی ئازەربایجان ییکەتی و برایەتی‌ییکی پتەوپیك بهینیت:

٧) حیزب بەئامانجی بەرەوپیش‌بردنی کشت‌وکال وبازرگانیی

کوردستان پەرەپیدانی فەرهەنگ وتندروستی وباشکردنی ژیانی ئابوری ومەعنەویی گەلی کورد دەست دەکات بەسود وەرگرتن لەسامانەکانی سروشتی وکانگاکانی کوردستان ولەمریگایەوە تیدەکوشیت:

٨)ئیمە دەمانەویت بەتەواوی گەلانی ئیران هەلی تیکوشینی ئازاد بدریت بوبەختەوەری وپیشکەوتنی نیشتمانی خویان...»

پاش بلاوبونەوەی ئەمئاگاداریە تەواوی ئەندامانی «کومەلەی ژ.ك.» بەگویرەی بریاری کومیتەی ناوەندیی کومەلەبون بەئەندامی حیزبی دیموکرات.

٢٥ـی ئوکتوبری ١٩٤٥ لەمەهاباد کونگرەی ییکەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەستی بەکارکرد. کونگرەبەرنامە و ئەساسنامەی حیزبی پەسندکرد. بەهاودەنگیەوە کومیتەی ناوەندیی بەسەروکایەتیی قازی محەممەد هەلبژارد.

بەرنامەی حیزب لەچوار بەش و ٢٢ بەندپیکهاتووە. لەسەرەتای بەرنامەکەدا ئامانجی سیاسیی حیزب بەمجورە دیاری کراوە: «ئامانجی هەرەگەورەی حیزب لەسەردەمی ئیستادا بریەتیە لەپاریزگاری کردن لەمافەکانی گەلی کورد لەنیو سنوری دەولەتی ئیراندا و دامەزراندنی ریوشوینیکی خودموختاری بوچارەپیدانی ئەمماڤانە، تەواوی ئەومەلبەندانە ئیران کە کوردی لیدەژی دەبی ییك کەویت ولەسەر بنەرەتی قانونیکی دیموکراتیك سودی کومەلانی گەل لەبەرچاو بگریت...»

لەبەندەکانی بەرنامەی حیزبداپیوەندی ئابوریی نیوانی حکومەتی نەتەوایەتیی کوردستانو دەولەتی تاران، باشکردنی ژیانی لادییی یەکان، بەتایبەتی لەنیوبردنی سەلەمخوری وگرانجانی، کوچ کردنی بی بەرهەلستی لادییەکان، دەرهینانی سەروەتەکانی ژیرزەوی (بەتایبەتی نەوت) لە چنگ کومپانیە ئیمپریالیستەکان، پەرەپیدانی سەنعات و ئاوەدانیی ریگاوبانی کوردستان، کردنی زمانی کوردی بەزمانی رەسمی لە کوردستاندا، دانانی قانونی خویندنی ئیجباری سەرەتایی ونیونجی.

پەرەپیدانی فەرهەنگو زانستوشارستانەتی وتەندروستی، دابین کردنی مافی بەرانبەری ژنان لەگەل پیاوان لەتەواوی کاروباری سیاسیوئابوری وکومەلایەتی و شارەسانەتیدا. دانیهەموچەشنە مافییکبەوگەلەکەـ مایەتیانەی کەلەکوردستاندا دەژین، پیکهینانی بەرەییکی یەکگرتوی برایەتی ودوستایەتی لەگەل گەلیئازەربایجان وگەلانیترجیگیر کراوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان بەئامانجی پیکهینانییکەتیی تەواوی چینوهیزە نیشتمانی و دیموکراتیك و شورشگیرەکانی کوردستان لە دروشمی یەکەتیی خەباتی رزگاریی نەتەوایەتی و خەباتی چینایەتی سودی وەرگرت. لەئەنجامی ئەمسیاسەتە دروستەدابوکە حیزبتووانی لەماوەییکی زورکورتدا تەواوی هیزەکانی دژیئیمپریالیزم و دژی کونەپەرستی لەدەورەی ئالایخوی وەکوکات. لەپاش کونگرەی یەکەمی حیزب تەواوی کاروباری دەولەتیی مەلبەندیموکریان لەلایەن کومیتەی ناوەندیی حیزبەوە جیبەجی دەکرا.

لەوسەردەمەدا دەولەتی تاران بەئامانجی پەلامارهینان بوسەر مەهاباد هوردوییکی لەرادەبەدەری لەشاری سەققز و بانە و سەردەشت و ورمی کوکردەوە. نوسەری کونەپەرستی ئیران روحوللا رەمەزانی پیی لەوە نابوکە: «کاتیشەریدوومی جیهانیدەولەتی ئیران پترلەنیوەی هوردوی چەکداریخویلەکوردستانجیگیر کردبو...» جالەبەرئەمە بەرلە دامەزرانی حکومەتی نەتەوایەتیی کوردستان کومیتەی ناوەندیی حیزب بەئامانجی پاریزگاری ناچاربو ١٧ـیی نوامبری ١٩٤٥ لەمەهاباد هیزی پیشمەرگەی کوردستان بەسەروکایەتیی حەمەحوسەینی سەیفی قازی دامەرزینی. لەمکارەدا ئەوئەفسەرە کوردانەی هوردویعیراق کەلەگەل بارزانیەکان پەنایان بوجولانەوەی کوردستانی ئیران هینابو دەوریکی بەدیمەنیانبو. هەنگاویکیتری کومیتەی ناوەندی بوبەجیگەیاندنی بەرنامەی حیزب دامەزراندنی خویندن بەزمانی کوردیبو. بەگویرەی بریاری کومیتەی ناوەندیلەئاخری نوامبری١٩٤٥ـدالە مەهابادییکەمین

قوتابخانەی کوردیی، نوی‌لەکوردستانی ئیران بەنیوی قوتابخانەی «گەلاویژ» ئاوالەکراوە. بوئەم قوتابخانەیە بەتایبەتی کوروکچی هەژاران قەبول دەکراو بەتەواوی هوی خویندن و حل‌وبەرگی قوتابی بەخورایی بەقوتابیەکان دەدرا.

پەرەسندنی خەباتی گەل پیویستیکی زورگەورەی بەچاپەمەنی سیاسی کوردی هەبو. نوامبری ١٩٤٥ لەمەهاباد چاپخانەی «کوردستان» دامەزرا. ٦ـیدیسامبر یەکەم ژمارەی گووارى سیاسی و تئیوریکی حیزب بەناوی «کوردستان» لەچاپ دەرچو. هەر لەومانگەدا چەند گووارى‌تر لەوینەی «هاوار»، «گروگالی‌مندالان» و «هەلالە» چاپ کران. ١٣ـیژانویەی ١٩٤٦ روژنامەی «کوردستان» بلاوکەرەوەی بیروباوەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لەچاپ دەرچو.

سەرکەوتنی بزوتنەوەی میژوییی‌ی ٢١ـیآزەری ١٣٢٤ لەئازەربایجان بەرابەرایەتیی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و دامەزرانی حکومەتی نەتەوایەتیی دیموکراتیی خودموختاری ئازەربایجان لەناو ئیراندا بو بزوتنەوەی گەلی‌کورد نرخیکی زورگەورەی‌بو. بەم بزوتنەوەیە بەشیکی خاکی ئیران لەدیلیی کونەپەرستی‌و ئیمپریالیزم رزگاربو وگەلیکی هاوزەنجیری گەلی‌کورد ئازادی ومافی‌خوی وەدەست هینا. بەشە هوردوەکانی دەولەتی کونەپەرستی تاران لەتەوریز و ورمی و میاندواو وجیگاکانی‌تر تەسلیمی فیدائیەکان‌بون وبەم‌جورە مەترسیی پەلاماری دوژمن لەلای ورمی و میاندواوەوە بوسەرموکریان لەنیوان هەلگیرا.

راگرتنی هیزی پیشمەرگە وبەجی‌گەیاندنی ئیسلاحاتی ئابوری، کومەلایەتی و فەرهەنگی پیویستی بەپارەهەبو. لەخو بوردویی و نیشتمان پەروەریی گەل‌بنچینەی ماددی‌و ئابوریی پیکهینا. ٢٤ـی دیسامبری ١٩٤٥ کومیتەی ناوەندیی حیزب بەسەروکایەتیی قازی محەممەد هەیئەتی ناوەندیی هەلبژارد. ئەمهەیئەتە تەواوی دەغل‌و

توتنه‌کانی که‌له‌عه‌مباره‌کاندامابونه‌وه و هه‌روه‌هاسه‌رماییه‌ی‌بانکه‌کان‌و داهاته‌کانی‌تری ده‌وله‌تی کرده نه‌ته‌وایه‌تی وخستیه‌ژیر چاوه‌دیری خویه‌وه. ئه‌مهه‌یئته له‌ئاخری ١٩٤٥ـدابه ١٥میلیون‌قران سه‌رمایه‌وه شیرکه‌تی بازرگانی به‌ناوی «شیرکه‌تی ته‌ره‌ققی» دامه‌زراندکه پاشر دومانگ سه‌رمایه‌که‌ی گه‌یشته ٣٠میلیون‌قران.ئه‌م‌شیرکه‌ته دانیشتووانی موکریانی به‌کوتالی سه‌نعه‌تی دابین ده‌کرد و حاسلاته‌که‌یانی‌بو ده‌فروشتن. ده‌وله‌تی تاران به‌ئامانجی فشاری ئابوری توتنی‌کوردستانی کریبو وله عه‌مباری‌دابو. به‌لام پاره‌که‌ی نه‌ده‌دا. شیرکه‌تی ته‌ره‌ققی ئه‌م توتنه‌ی فروشت وله‌میژوی‌توتن‌کیلیی‌کوردستاندا بوییکه‌م‌جارپاره‌ی توتن‌نه‌ك به‌خاوه‌ن‌مولك، به‌لکو به‌توتن‌کیل‌درا. به‌بریاری هه‌یئه‌تی ناوه‌ندی له‌مه‌به‌ولاوه به‌پیچه‌وانه‌ی ری‌وشوینی ده‌وله‌تی تاران پاره‌ی چه‌وه‌نده‌ری قه‌ندوتوتن به‌خودی وه‌رزیره‌کان ده‌درا و ئه‌وان خویان به‌شی خاوه‌ن مولك‌یان‌ده‌کا. ئه‌م‌بریاره گرینگه ریزوده‌سته‌لاتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی له‌نیولادیی‌یه‌کاندا به‌ره‌وژورتربرد وکاریکی گه‌وره‌ی کرده سه‌رپه‌ره‌سه‌ندنی کشت‌وکال.

هه‌یئه‌تی‌ناوه‌ندی‌مه‌سه‌له‌ی‌مالیات‌سه‌ندیشمی‌له‌بنه‌ره‌ته‌وه گوری. ته‌واوی مالیات‌خرا سه‌رئه‌ستوی خاوه‌ن‌ملکه‌کان‌و هه‌ژاران ولادیی‌یه‌کان‌هیچ چه‌شنه مالیاتیکیان‌لی‌نه‌ده‌ئه‌ستیدرا. له‌م‌سه‌رده‌مه‌دابار بوکردنیش‌ببووه ئه‌رکیکی نیشتمانی.هه‌موروژی‌ده‌هاو سه‌دهاکه‌س‌به‌پاره‌وشتی‌تربار‌بوی هیزی پیشمه‌رگه. قوتابخانه‌ی «گه‌لاویژ» وچاپخانه‌ی «کوردستان»ـیان ده‌کرد. ته‌واوی ئه‌م‌کاره‌گرینگانه‌که‌له‌سه‌ره‌وه ژماردرالایه‌ن هه‌یئه‌تی ناوه‌ندیه‌وه جی‌به‌جی ده‌کرا.

خه‌باتی گه‌ل به‌ره‌ودامه‌زرانی حکومتی نوی‌به‌ره‌وپیش‌ده‌چو. بو دامه‌زرانی ئه‌م‌حکومه‌ته‌ده‌بو مه‌جلیسی‌موئه‌سیسان‌پیك‌بیت. به‌م‌ئامانجه له‌لایه‌ن کومیته‌ی ناوه‌ندیی حیزبی‌دیموکراتی کوردستانه‌وه زوربه‌ی ئه‌ندامانی کومیته و تیکوشه‌رانی حیزب‌بو مه‌لبه‌نده‌کانی کوردستان

بەری کران تاهەلبژارونی نوینەرانی ئەمەجلیسە ریکخەن. ئەمکارە بەزویی وبەسەرکەوتنەوە جیبەجی کرا.

٢ـی ریبەندانی سالی ١٣٢٤ (٢٢ـی ژانویەی ١٩٤٦) لە میدانی «چوارچرای» شاری ماهاباد میژوی کوردستان شاهیدیکی بەسەرهاتیکی بیوینەبو. بەبەشداریی ئەو نوینەرانەی کەلەهەمو جیگاییکی کوردستانی ئیران هەلبژادرابون کوبونەوەی مەجلیسی موئەسیسان بەشکلی میتینگیکی ٢٠ هەزار کەسی پیکهات. ئەمبەسەرهاتە لەمیژوی گەلی کورددا بە «بزوتنەوەی ٢ـی ریبەندان» ناوبانگی دەرکردووە. لەم میتینگەدا ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبو سەروکی ستادی هیزی پیشمەرگە محەممەدی نانەوازادە پیشنیاری کومیتەی ناوەندیی حیزبی لەبارەی دامەزراندنی کوماری خودموختاری کوردستان لەناو ئیراندا و دیاری کرانی قازی محەممەد بەسەروکی ئەمکوماره راگەیاند. ئەم پیشنیارە بەهاو دەنگیەوە پەسندکرا. قازیمحەممەدلەوتاریکی میژوییدا وەك سەرکومار سویندیخوارد وگوتی: «بەنیشتمان، بەشەرافەتی گەلی کورد وبەئالای بیگەردی کوردستان سویند دەخوم کە هەتادوایین هەناسەی ژیانم و رژاندنی دوایین تنوکی خوینم بەگیانو بەمال لەریی راگرتنی سەربەخویی وبەرزکردنەوەی ئالای رزگاریی کوردستاندا تیبکوشم!..» کوبونەوەی ٢ـی ریبەندان لەبارەی دامەزراندنی حکومەتی نەتەوایەتیی کوردستان لەناوسنوریئیراندا. لەبارەیهەلبژاردن بومەجلیسی نەتەوایەتی، دامەزراندنی دەزگای حکومەتی نەتەوایەتیو هیزی چەکداری نەتەوایەتی، پیوەندی ئابوری لەگەل دەراوسیکان، هاوکاری و دوستایەتی لەگەل برا ئازەربایجانیەکانبریاریکی میژوییی پەسندکرد.

بزوتنەوەی ٢ـی ریبەندان لەلایەن تەواوی هیزە شورشگیرەکانی ئیرانەوە بەگەرمی پیشوازیلیکرا. روژنامەی «نامەیرەهبەر» ئورگانی حیزبی تودەئیرانبەمبونەیەوە نوسیبوی: «برایانی کوردکە لەنیشتمانـ

پەرستیدا رابردوییکی میژوییی روناکیان هەیە بەئامانجی نەجاتدانی تەواوی گەلانی ئیران بەپیاوەتی و فیداکاریەوە هەلستاون ولەژیر رابەریی جەنایی قازی محەممەددا کە ییکیك لەکورانی هەرەکولنەدەر وقارەمان وبەناوبانگی کوردستانە لەژیر ئالای رزگاری و دیموکراسیدا ییك گرتوبون. جولانەوەی کوردستان نەك هەر بورزگارکردنی بەشی زوری ئیران لەژیرسیاسەتی کونەپەرستیو زولمۆزورداریی دەولەتەکانی سەدر وحەکیمی گرینگیییکی زوریهەیە. هەروەها ئەمجولانەوەیە کاریکی زورگەورە و قولبیوینەی کردوتە سەرزوربەی گەلی کورد لە روژهەلاتی نزیکدا...»

دانیشتووانی بەشی جەنوبی کوردستانی ئیران کە کەوتبونە بەشی ژیردەستەلاتی هوردوی ئینگلیسەوە ٢ـ ریبەندانیان بەسەرەتای رزگاریی خویان دەزانی. دانیشتووانی سنەوکرماشان و قەسریشیرین و شاهاباد نامەییکیان بوحیزبی دیموکراتی کوردستان ناردبو کەلەروژـ نامەی «رەهبەر»ـدا چاپکرابو. لەونامەیەدا نوسرابو: «...هەزارها پیرەمیرد وپیرەژنیهەژار و زەحمەتکیش و هەزارەها لادییی...بەچاوی فرمیسکاویی هیواوهومیدەوە تەماشای مەهاباد ئەکەن وبەدەنگیکی بەرزەوە دەلین: ئەیبرایانی قارەمانی کورد، ئەی ئەوکەسانەی کە بەتەواوی جیهانتانراگەیاندکە مافیگەل نادریت.بەلکودەئەستیندریت، ئیمەیش لەباوەشی خوشەویستی گەرموگوری خوتاندا بگونجینن.»

برایانی کوردی عیراقی کەلەژیر پەلاماری ئیمپریالیزمی ئینگلیس و نوکەرەکانیا پنایانبو بزوتنەوەی دیموکراتیکی کوردستانی ئیران هینابو ٢ـیریبەندانیان بەگەشترین ئەستیرەی عاسمانی میژوی گەلی کورد دەزانی. مانگی فیوریەی ١٩٤٦ژمارەییك لەکوردەکانی تورکیە نامەییکیان بوحیزبی دیموکراتی کوردستان نادربو و لەویدا نوسیبویان: «ئامادەین شانبەشانی کوردەکانی ئیران لە جولانەوەدا بەشداری بکەین.»

لەوسەردەمەدا کریکارانی نەوتی کرماشان جولانەوەییکی گەورەیان لەدژی ئیمپریالیزمو دەولەتی کونەپەرستی تاران دەست پیکرد. بەگویرەی نوسراوەی روژنامەی «زەفەر» کریکاران هاودەنگی خویان لەگەل بزوتنەوەی ٢ـی ریبەندان دەربریبو و داوایان لە حکومەتی تاران کردبو کە ریوشوینی دیموکراتیکی کوردستان و ئازەربایجان بەرەسمی بناسیت. هەر لەوکاتەدا پترلە٥هەزار کریکاری نەوتی کەرکوك کە زوربەیان کوردبون بەهوی مانگرتنی ١٥ روژە داواکانی خویان دەربریبو. لەو جوملەیە داوایان کردبو کەمافی رزگاریی نەتەوایەتی بەگەلی کورد بدریت. ئەمبەسەرهاتانە نیشانی ئەداکە بزوتنەوەی ٢ـی ریبەندان بەتایبەتی بەقازانجی کومەلانی مەزنی زەحمەتکیشی کوردە. ئەمەیش لەویرا سەرچاوەی دەگرت کەبزوتنەوەی ٢ـی ریبەندان خاوەنی ناوەروکی چینایەتیی شورشگیرانەبو.

دوژمنانی گەلیش ناچاربون پی لەریزە حەقیقەتیك بنین. روژنامەی «ئیتیلاعات» لەژیر سەرەتای «راپورتی تایبەتیی نوینەری ئیمە لە کوردستان» نوسیبوی: «پاش پیوندراگرتن لەگەل ژمارەییکی زور لە نوینەرانی چینوپولە جیاوازەکانی کوردستان لیمیەقینبو کە تەنانەت تاقە کوردیك وەگیر ناکەویت کە باوەری بەقازی محەممەد نەبیت...» کاپیتان ئارشی روزویلت ئاتتاشەی نیزامیی ئەودەمەی سەفارەتی ئامریکا لە تاران کەبو مەهاباد سەفەری کردبو لەپاشان لەکتیبەکەی خویدا بەناوی «کوماری کوردی مەهاباد» نوسیبوی: «...ئیمە بەتەواوی بومان روونبووە کە ریو شوینیکی کوماری ریکوپیکی کوردی وجودی هەیە...»

کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەستی کردبە بەجی گەیاندنی بریارەکانی ٢ـی ریبەندان. دەزگای حکومەتی نەتەوایەتیی دیموکراتیکی خودموختاری کوردستان لەناو سنورەکانی ئیراندا دامەزرا. زمانی کوردی بەزمانی دەولەتی و فەرهەنگی راگەیاندرا. دەستەلاتی خاوەنمولك بەسەرلادەییدا کەمکرایەوە. زەوی وزاریچەند

دەرەبەگیکی خائن کەبوتاران رایان کردبو موسادیرە کرا. بوپەرەپیدانی ئابوری، سەنعات، وەرزیری، بازرگانی، فەرهەنگ، تەندروستی وئاوەدانی دەست بەکارکرا. ییکەم ستاسیونیرا دیوی کوردستان لەمەهاباد دەستی بەکار کرد. ریکخراوەی لاوان، یکیەتیی یایان(ژنان). ئەنجومەنی نوسەران و هیترسازکرا. بنەرەتی تیئاتری نەتەوایەتیدانرا. بەرانبەریی مافی ژنوپیاو لەناوکومەل و خیزاندا دابین کرا. بوپیگەیاندنی پسپوری نیشتمانی ییکەمدەستەی خویندکاری کوردبو هەندەران نادرا.

حیزبی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی نەتەوایەتی گرینگی ییکی گەورەیان بەییکەتیی شورشگیرانەی گەلەکانی ئیرانو بەتایبەتی دوگەلی کورد و ئازەربایجان دەدا. لەوەلاتیکی فرەنەتەوەییی وەك ئیران ئەمییکەتیە یکیکەکە لەمەرجی پنجینەییی سەرکەوتنی خەبات لەدژی ئیمپریالیزم وکونەپەرستی و دابین کردنی ئازادی وبەختیاریی تەواوی گەلەکانی ئیران. بزوتنەوەی ٢١ـی ئازەرلە ئازەربایجان و ٢ـی ریبەندان لە کوردستان ریگای ییکەتیی ئاوالە کردەوە. قازی محەممەد لەوتاریکی خویدا بەمبونەیەوە گوتبوی: «برایەتی و ییکەتیی دوگەلی کورد و ئازەربایجان پیویستیکی نیشتمانییە. لەسەر هەرکوردیك واجبە بەقولی لەمەسەلەیە بگات وبەسەرومال لەمریگایەدا تیبکوشیت. میژو تالیعی ئەم دوگەلەی کردووە بەییك...» سەیدجەعفەری پیشەوەری سەروکی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و حکومەتی نەتەوایەتیی ئازەربایجان بەمبونەیەوە گوتویە: «مەسەلەییکی زورگرینگی دیکە هەیە کە زامنی بنچینەیرزگاریی ئیمەیە...ئەمەیشبریەتیەلەییکەتی وبرایەتیمان لەگەل براکوردەکان..ئەم دونەتەوەیە ئەگەر دەیانەویت بژین دەبی ییکبگرن...» ٣ـی بانەمەری ١٣٢٥ (٢٣ـی ئاوریلی ١٩٤٦) لە تەوریز پەیمانی ییکەتی و دوستی وهاوکاری لەنیوان حکومەتی کوردستان و ئازەربایجاندائیمزاکرا. لەسەرەتای پەیمانەکەدا کوتراوە: «نەتەوەی کورد و ئازەربایجان لەهەموکاتیکدا لەقازانج و زەرەردا

پیکەوە بەشداربون...ئیستا ئەم دونەتەوە برایە نەك هەر بووەدەست خستنی ئازادیی خویان، بەلکو بودامەزراندنی ئازادی لەسەرتاسەری ئیران ئالای دیموکراسیی‌یان بەرزکردوتەوە و دەستیان داوەتە دەستی یەکتری...»

سەروکەکانی حیزبی دیموکراتو حکومەتی کوردستان گرینگی‌یەکی زوریان بەدوستایەتی وییکەتی لەگەل گەلی‌برای فارس دەدا.یەکیك لەخزمەتە هەرەگرینگ ومیژوییی‌یەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەخەباتی گەلی‌کورد ئەمەبوکە، کومەلانی زەحمەتکیش وچەوساوەی گەلی فارسی لەچینی دەستەلاتداری نیشتمان‌فروش‌و هەیئەتی حاکیمەی کونەپەرستی ئیران جیاکردەوە وبەروناکی بەگەلی کوردی نیشان‌دا کەگەلی فارس بوخویشی لەژیر ستەمی چینی دەستەلاتدارایە و قازانجی وی‌لەگەل قازانجی گەلی‌کورد یەکیکە. خەبات بورزگاریی سەرتاسەری ئیران کە تاقەریگای رزگاریی‌تەواوی گەلەکانی دانیشتوی ئیرانە ئەرکی موشتەرەك‌وتیکرایتی‌تەواوی ئەم‌گەلانەیە. قازی‌محەممەد لەوتاریکی خویدا لەم‌بارەیەوە گوتبوی: «...ئەم‌کارانەی ئەیکەین‌لەبەر ئەمەنیە کەدەستمان لەبرایەتی لەگەل نەتەوەی فارس هەلگرتووە. تەواوی ئەمانە بەتەنیا لە دەژی دەزگای زولم‌و زورداریی دەولەتی تارانە...ئەگەر لەتەواوی ئیران ئازادی و دیموکراسی دابمەزریت ئەودەم هیچ بەرهەلستیك نابی‌کە نەتەوەکانی ئیران دەستی ییکەتی و برایەتی و دوستایەتی بدەنە دەستی‌یەك و بەشیوەییکی برایانە پیکەوە بژین...»

حیزبی دیموکرات و حکومەتی نەتەوایەتیی کوردستان بەتەواوی هیزی خویان هەولیان دەدا لەریگای ئاشتی‌ووت‌وویژەوە مەسەلەکان لەگەل حکومەتی ناوەندی جی‌بەجی‌کەن و پیشی خوین‌ریژی بگرن. دەولەتی تاران لەژیر تەئسیری جولانەوەی کوردستان و ئازەربایجاندا و هەروەها لەژیر تەوژمی هیزەدیموکراتیك و نیشتمانیەکان ئیران بە

سەروکایەتیی حیزبی تودەی ئیران ناچاربو لەگەل نوینەرانی کوردستان و ئازەربایجان سکالا و وتوویژی روبەرو بکات. بەم ئامانجە ٨ـی بانەمەری (٢٨ـی ئاوریلی ١٩٤٦) نوینەرانی ئازەربایجان و کوردستان بوتاران چون. هیزە کونەپەرستەکانی ئیران بوئەوەی ئەم وتوویژە بە قازانجی خویان تەواو کەن ١٠ـی بانەمەر لەناوچەی سەققز بەشە هوردوییکی ١٥٠٠ کەسیان بەیارمەتیی تانك وفروکە و توپەوە و بەسەروکایەتیی سەرلەشکر حاجی عەلیی رەزم ئارا لەنەکاورا بوسەر هیزی پیشمەرگەی ئەم ناوچەیە نارد. لەم شەرەدا کە بەشەری «سالحاوا» مەشورە لەماوەی چەند ساعاتیکدا ١١٠ کەس لە سەربازەکانی حکومەتی ناوەندی کوژران و ٤٠ کەسیان لی بەیەخسیر گیرا؛ ئەوانی تررایان کرد. روژنامەی «رەهبەر» بەم بونەوەیە نوسیبوی: «ئەورو لەحالیکدا لە نوینەرانی ئازەربایجان و کوردستان هاتون بوتاران و بوحەللی هیمنانەی مەسەلەکە وتوویژئەکەن پەلاماری لەنەکاو بوسەر کوردستان بەمانای ئەمەیەکە لەنهینیدا تیدەکوشریت نەهیلن مەسەلەی ئازەربایجان و کوردستان لە ریگای دیموکراتیکەوە جی بەجی بکریت...» دەولەتی کونەپەرستی تاران مەجبور بەپاشەکشەکرا. لەییکەمین بەندی پیکهاتی نیوانی نوینەرانی ئازەربایجان و کوردستان لە لاییکەوە و نوینەرانی حکومەتی تاران لەلاییکی ترەوەدەولەتی تاران پییی لە مەناکەجولانەوەی ئازەربایجان و کوردستان «پیشرەو و دیموکراتیکە و وەك زامنیکی راستەقینەی سەربەستی و تەواوەتیی ئەرزیی ئیران دەناسریت».

بەلام دەولەتی کونەپەرستی تاران لە ییکەم روژەوە دەستی بەتیکدان و وەژیرپیی هاویشتنی پیکهاتەکەکرد. هوردوی شا لەچەندجیگا. بەتایبەتی لە ناوچەی سەردەشت و سەققز چەندجاری تر پەلەماری هینا: بەلام تیشکا و لەم شەرانەدا لە سەرییك نزیکەی ٧٠٠ سەرباز بەیەخسیر گیرا و ١٣٠٠ کەس کوژرا. بەشە هوردووەکانی شا لە سەردەشت و سەققز وبانە دەورە دران. ٢٠ـی ژوئەنی ١٩٤٦ بە

پیشمنیاری سەروکی ستادی ئەرتەشی ئیران سەرلەشکر رەزمئارا لە دیی‌سەرا لەنیوان نوینەرانی هیزی پیشمەرگە و ئەرتەشدا وتویژ دەست پیکرا و ریزەبریاریك‌درا.

سەروکەکانی تاران و هیزە ئیمپریالیستیەکان جاریکی‌تر هەستیان کرد لەگەل هیزی‌دەرونیی گەلکە داوای رزگاری و بەختیاری دەکات روبەرون. سەروك وەزیر ئەحمەدی قەوام بەئامانجی وەختوەدەست هینان بەبیانوی وتوویژ بەلەونی رەسمی قازی‌محەممەدی بوتاران‌بانگ هیشتن‌کرد. ٢٨ـی‌ژوئەن هەیئەتی نوینەرانی کوردستان بەسەروـ کایەتیی قازی محەممەد بوتاران‌چو و لەلایەن دەولەتەوە پیشوازی رەسمیی‌لیکرا. روژنامەی «ئیرانی‌ما» بەم‌بونەیەوە نوسیبوی: «تەواوی ئازادیخوازانی ئیران لەنزیکەوە دەبینن و بەتەواوی تیدەگەن کە رابەری کوردستان تەنیا بیروئامانجیك کەهەیەتی گورینی کومەل‌و دامەزراندنی ئازادی و دیموکراسیە لەسەتاسەری ئیران و وەدەست خستنی مافی کومەلایەتی و سیاسی و ئینسانیە بونەتەوەی کورد».

قەوام هەولی‌دا بەهوی ژمارەییك کوردکە لە شاری تاران دەژیان لە وینەی ئاسەفی‌کوردستانی، ئەمانوللای ئەردەلان، سەنەندەجی، دوکتور زەنگەنە، رەشیدیاسەمی، عەبدواللای ئیلخانی‌زادە و هەتر کاربکاتە سەرقازی کەدەست لە داواکانی گەلی‌کورد هەلبگریت. ئەمانە لە هوتیلیکی گەورەی تاران زیافەتیکی گەورەیان بو نوینەرانی‌کوردستان ساز کرد و لەریرەوی وتوویژدا بەقازی‌یان گوت‌کە «...پیویستە تەشریف بچی‌وشاش ببینی و لەگەل دەولەت هاوکاری بکەی...» قازی، لە وەلامیان‌دا گوتبوی: «...ئەمن دوسال لەمەوپیش لەگەل سەدری قازیی برام چومەلای شا و هوی تەواوی نارەزایی‌یەکانی گەلم‌پی‌گوت‌و رام‌گەیاندکە دەولەتی ناوەندی گویی لە داوای خەلکنیە و لەجیاتی فەرهەنگ وتەندروستی و ئاوەدانی توپ‌و تانك و لەشکر بوکوردستان

دەنیریت...بەلام ئەم قسانەی‌من ئەوکاتە سودیکی نەبوو ئیستایش سودی نابیت.»

هەیئەتی کوردستان ٢٠ روژلەتاران بوولەماوەیەدا ٥جار لەگەل سەروك وەزیر وتوویژی‌کرد. لە ئەنجامدا دەولەتی تاران بوجاری دووەم مەجبور بو دان‌بەسروشتی دیموکراتیکی‌جولانەوەی کوردستاندا بنیت؛ ناچاربو بەقسەیش‌بی بودجەییکی تایبەتی‌بوکوردستان تەرخان کات. لەسەر مەسەلەی سەردەشت و سەققز وبانە دەولەتی ناوەندی گفتی‌دا دەست لەپەلامارەلبگریت وبەنوینەرانی کوردستان ئییجازە بدریت بەئازادی لەم مەلبەندانە بوپەرەپیدانی دیموکراسی تی‌بکوشن.

هەیئەتی کوردستان لەتاران‌چەندجاریك لەگەل رابەرایەتیی‌حیزبی تودەی ئیران و حیزبی ئیران لەبارەی بەرەی یەك‌گرتوی هیزەدیموکراتیکەکانی ئیران وتوویژی کردو لەمەر ئامادەبونی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوتیکەلاوبون بەم‌پەرەیەنامەییکی‌رەسمیی بەسەروکەکانی ئەم دوحیزبە پیشکیش کرد.ئەم هەنگاوەگرینگە جاریکی‌تر ئیسباتی کردەوەکە بزوتنەوەی ٢ـی‌ری‌بەندان‌بەشیك‌بو لەبزوتنەوەی شورشگیرانەی سەرتاسەری ئیران و سەروکەکانی ئەم بزوتنەوەیە ئازادیی گەلی کوردیان بەبەشیك لەدیموکراسیی ئیران دەزانی. ریکەوتنیە دیپلوماتی ئامریکایی ئارشی روزویلت لە کتیبەکەیدا دەلیت‌کە قازی محەممەد دایما بەکوردەکانی دەگوت کەتەنیابو ئازادیی کوردستان‌نا. بەلکو بوئازادیی سەرتاسەری ئیران تی‌بکوشن.

ژیان لەپاشان نیشانی‌داکە تەواوی قسەو گفتەکانی دەولەتی تاران دروبو. ئەم دەولەتە کونەپەرستو ژیردەستەی ئیمپریالیزمە بوبرینی رەگەزی دیموکراسی لەکوردستان و ئازەربایجان و سەرانسەری ئیران خوی ئامادەدەکرد. ئامریکایی و ئینگلیسەکان دەستیان‌کرد بەیارمەتی دانی سیاسی و نیزامی و ئابوریی دەولەتی تاران وبوسەر کوردستان‌و ئازەربایجان هانیان‌دا.

لیرەدا پیویستە تاکتیکی فیلەبازانەی ئیمپریالیزمو ەبیربخینەوە. ئامریکایی و ئینگلیسیەکان لەمیژ بوهەولیان دەدا لە بزوتنەوەی کوردستاندا نفوزبکەن. سالی ١٩٤٢ ئینگلیسەکان لەعیراقەوە چەند جاسوس خویان بومەهابادنارد. ئەمانەلەژیر پەردەیدین وتەریقەتدا خەلکیکی زوریان لەخویان هالاند. لەماوەی سالیکدا (سالی١٣٢٤) لەعیراقەوە ٣٦٠٠ جاسوسی ئینگلیس بوکوردستانی ئیران هاتبو. کارناسان و پسپورانی ئینگلیس لەسەر مەسەلەی کورد لەوینەیلان، گور، مید، ستابینگ، دزیکسین، ئوکشاد، دیویس، فیلچیر و هیترئەم جاسوسانەیان دەناردکە خویان لە جولانەوەی کوردستان بپەسیون و ئەم جولانەوەیە بخەنە ناو زەلکاوی کونەپەرستی ناسیونالیستیەوە. ئیفشاکران و تەنبیکرانی خوفروشە خومالیەکان لەوینەی کاکمامەندی کولیج، رەشیدبەگی حاجیئاغا، تەها تایەرئاغا، عەبدوللای گەیلانی و هیتر کە لەریزەی ئەندامانی حیزبدابون ئەم راستیەی وەدیدا. جیالەمە ئینگلیسەکان هیزیکی گەورەی چەکداریان لەعراق، بەتایبەتی لە مەلبەندی کوردستان جیگیرکردبو. روژنامەی «رەهبەر» بەمبونەیەوە نوسیبوی: «بەپیئەم بەلگانەی کەوەچنگکەوتون ئیستا ژمارەی هورودی ئینگلیس لەعیراق گەیشتوتە دوسەد هەزارکەس».

ئامریکایی یەکانیش بەتوندی تیوەچون.ئاوریلی ١٩٤٦ کونسولی ئامریکا لەتەوریز دەچیتەلای قازیمحەممەد وپیی دەلیت: «ئەگەرئیوە... لەگەل ئامریکا لەسەر مەسەلەی کورد نوستایەتی ؤ هاوکاری بکەن دەولەتی ئامریکا بوهەموچەشنە یارمەتی ییکتان ئامادەیە...» قازی لەوەلامدا گوتبوی: «گەلی کوردلەخەباتابەهیزیخوی پشت ئەستورە... دەولەتی ئامریکا لەکومەلی نەتەوەییك گرتووەکان لەدەولەتی کونەپەرستی ئیران پشتیوانی دەکات و دەیەویت چەك و قورخانەی بداتیو ئیستا سەربازەکانی دەولەت بەچەکی ئامریکایی خوینی کورانی

ئیمەدەریژن. ئەگەرئیوەبەراستیلاگریدیموکراسین وناتانەویتنیفرەت وتورەییی گەلی کوردتانوەبەرکەوی دەستلەم کارانە هەلگرنوژمارەییك نیشتمان فروشی ئیرانی مەخەنە ژیربالتانەوە. ئەمەیش بزانن کە ئیستا تەنیا بوکردەوەی دەولەتان نرخدادەندری. نەك بوقسەیان...»
ئەوکاتەی هیئەتی نوینەرانی کوردستانلە تاران بوژینرال شوارتسکوپفی ئامریکایی کە سەروکی ژاندارمیریی ئیران بو چوبووەلای قازی و ریزە پیشنیاریکی پی کردبو. روژنامەی «پەیکاری زیندەگی» تەواوی وتوویژی قازی و شوارتسکوپفی نەنوسیوە. بەلام لەوتوویژە ئەم نەتیجەیەی وەدەستهینا: «رابەری کومەلە هیواییکی روزگەورەی بەسەرکەوتنو بەرەوپیشچونی روسیەهەبوو لەوانەنەبودەستلەمەرامو ئامانجیخوی هەلبگریت.» بەمجورە تەواوی هەولی ئامریکاییەکان بودورخستنەوەی جولانەوەی کوردستانلە ییکەتیی شورەوی و لەبیروباوەری سوسیالیزم بەپوچ دەرچو.

دەولەتی ئامریکا بەهەموهیزی خویەوە دەستی بەتەیارکردنی هوردوی شاگرد. هاوینی ١٣٢٥ پیکهاتیکی نیزامیی نهینی لەنیوان ئامریکا و حکومەتی تاراندا ئیمزاکرا. بەپیی ئەم بەلگەیە دەولەتی ئامریکا ئامادەبو بەمەرجانەی ژیرەوە یارمەتیی نیزامی نوی بەئیران بەدات:١) دەبی دەولەتی تاران خەباتیکی بەتینوبیئامان لەدژی هیزە چەپەکان دەست پیبکات. ٢)دەبی نوینەرانی مەجلیس لەوکسانە هەلبژیردرین کە ئامریکا بروایان پیدەکات. ٣)دەبی دەولەتی ئیران لەژیر چاوەدیری وبەگویرەی رازیبونی ئەفسەرانی ئامریکایی کە بو ئیران دەنیردرین لە قەرزو چەکی ئامریکا سود وەربگریت... لەماوەی سالی ١٣٢٥ـداژمارەی ژاندارمەکانی ئیران لە١٤هەزار کەسەوە گەیشتە ٢٨هەزارکەس. لەمانگی نوامبری سالی١٩٤٦ـدا لەلایەن ئامریکاوە ٤٠فروکەی «قەلایبالدار» و ٣٠تانکی «شیرمان» بو

دەولەتی تاران ناردرا. سیلاوی ئەفسەرانی ئامریکایی بو ئیران وەری کەوت. جاسوسانی ئینگلیس و ئامریکا لەنیو عەشیرەتەکانی کوردستاندا بوهاندانیان لەدژی حکومەتی کوردستان دەست بەکاربون و چەکیکی زوریان پیدان. کاپیتان گوری ئینگلیسی لەنیو سەروکە خوفروشەکانی عەشیرەتی مامەشەچەك و پارەی بلاودەکردەوە. کاپیتان رایتی ئینگلیسی بەجل و بەرگی کوردیەوە چووە نیو عەشیرەتی دیبوکری و بەهوی کورەکانی عەلی ئاغای عەلیار (عەمیر ئەسعەدی) ٣٠٠ سواری لەدژی حکومەتی نەتەوایەتیی کوردستان چەکدار کردکە کاتی پیویست بوسەربوکان پەلامار بەرن و دیموکراتەکان بکوژن. لەعیراقەوە حەمەرەشیدخان هاندراکە بوسەرپوستەکانی پیشمەرگە لەمەلبەندی بانە پەلامار بدات. سەروکی دەزگای جاسوسیی ئینگلیس لەکوردستان ئوشکاند، لەمەلبەندی سنە و سەقز بوساز کردنی هوردوییکی ٣ هەزار کەسی لە عەشیرەتەکان دەست بەکاربو. کونسولی ئامریکا لەتەوریز دوهار چووە ناوعەشیرەتەکانی شکاك و هەرکی و لەبەرانبەر وادەو گفتیکی زور داوای لیکردن کە بو پەلاماربردن بو سەرهیزی حکومەتەکانی کوردستان و ئازەربایجان بەدەولەتی ئیران یارمەتی بکەن. هیزە کونەپەرستەکانی ئیران بەئامانجی جیاکردنەوەی بارزانیەکان لەبزوتنەوەی کوردستان لە سەرەتای ئوکتوبری ١٩٤٦ـدا مەلا مستەفای بارزانی یان بوتاران بانگ هیشت ووداوقەلیگی زوریان پیدا.

نەخشەییکی تری ئیمپریالیزم و دەولەتی کونەپەرستی تاران ئەمەبوکە لەنیوان جولانەوەی کوردستان و ئازەربایجاندا جیاتی و دوبەرەکی پیکهینن. مانگی ئوتی ١٩٤٦ دەولەتی قەوام بەم ئامانجە نوینەری تایبەتیی خوی سەرهەنگ عەلی ئەسغەری فیوزیی بەنهینی نارده مەهاباد. بەلام لەم پیلانەنەتیجەییکی دەست نەوکەوت. ٢٥ـی نوامبر

قەوام نامەییکی نیهینیی بوقازی محەممەد نارد و داوخووازیی لیکردکە بو «چاودیریی هەلبژاردنی مەجلیسی ١٥ـم» حکومەتی کوردستان ئیجازە بدات هوردوی ئیران لە ریگای کوردستانەوەبو ئازەربایجان بچیت. پاش ٢ روژ قازی‌بەتیلگرافیکی ئاشکرائەم‌وەلامەی بوقەوام‌نارد: «دەبی ئاغای سەروك وەزیر بەتەواوی دلنیابیت‌کە لەکوردستان و ئازەربایجان بوهەلبژاردنی نوینەرانی مەجلیس باشترین هەل‌پیك دەهیندریت. بوئەم‌کارە هیچ‌حەوجی ناکات‌لەلایەن‌حکومەتی ناوەندیەوە هوردو بنیردریت...بەلام بەداخەوەدەبی‌بلیم لیرەدا مەسەلەشتیکی‌ترە وئامانج لەناردەنی هوردو لەنیوان‌لابردنی ری‌وشوینی دیموکراسیەکە لەئازەربایجان‌وکوردستان‌دامەزراوە...ئیمەلەگەل‌برایانی ئازەربایجانی پەیمانی هاوکاری وییکەتی و دوستایە تیمان بەستووە. ژیانمان و مانمان‌ییکە. سەربازەکانی‌ئیران‌بەتەنیابەسەرجەنازەی ئیمەدا دەتوانن بوسەر ئازەربایجان پەلاماربەن...»

حکومەتی کونەپەرستی‌تاران ئاخری ئامانجی گلاوی‌خوی ئاشکرا کرد و هوردوی‌خوی بەم‌جورە لەسنورەکانی ئازەربایجان وکوردستان وەخر هینا:لەمەلبەندی قەزوین و زەنجان‌ـ٥هەزارکەس. لەسنەو سەققز وبانەـ١٢هەزار و٥٠٠کەس. لەکرماشان هەزارو٢٠٠کەس. لە گیلانـ٢هەزارکەس لەگەروس وتیکان‌تەپەی هەوشارـ٥هەزار کەس. ئەم هوردووە خاوەنی ٣٣٠٠ موسەلسەل وتفەنگی ئوتومات. ٧٠خومپارەهاویژ. ١٠٤توپ. ٥٥تانك و زری‌پوش و٥٠فروکەبو.

روژی ٢١ دیسامبری ١٩٤٦ هوردوەکانی ئیران لەلای میاندواو و ورمی‌وە بوسەرمەهاباد هیرشیان‌هینا. هیزی چەکداری دەولەتی کونەپەرستی تاران‌کەلە راستیداهیزی‌ئیمپریالیزمی ئامریکاوئینگلیس‌بو بوریشە برکردنی دیموکراسی لەکوردستان دەست بەکاربو. گرتن. کوشتن. تالان. سوتاندن ئەو دیاریانە بون‌کە شاو ئەربابەکانی بو

سیاسەت و ئامانجی ئەمچین وهیزە پاشکەوتوانە گەلی کورد هەمیشە بەروناکی لەقازانجی راستەقینەی خوی گەییوە و لەپیناویدا تیکوشاوە. لەبەر ئەمەلەتەواوی بەسەرهاتەکانی کوردستاندا شوینی گەلدیارە وهەناسەی گەلهەست دەکریت.

سەدەی بیستەم کە سەردەمی سەرهەلدانی ئیمپریالیزم بولەهەمان کاتدا سەردەمی دەست پیکرانی شورشی سوسیالیستی وسەرەتای رابردنی مرووایەتی لەسەرمایەداریەوە بەرەوسوسیالیزم بو. شورشی مەزنی سوسیالیستیی ئوکتوبر لەروسیە سەرکەوت وسەرەتای نوی کرانەوەی شورشگیرانەی جیهانی دامەزراند. بیروباوری مارکسیزم-لینینیزم کەئیدیولوژیی زانستی و شورشگیرانەی چینی کریکارە بەسەرتاسەری جیهاندا بەتوندی بلاوبووە. لەئیران و تورکیەوعیراق حیزبی کومونیست دامەزراو چینی کریکار کەهیزی هەرەشیلگیری ریگای ئازادیە لەژیانی سیاسیی ئەم وەلاتانە داپترەخنەی کرد. مارکسیزم-لینینیزم وەکو شەبای بەهاری ریگای لەکوردستانیش کەوت وژمارەیەك لەچاکترین رولەکانی گەلی گیروەدەی خوی کرد. بەمجورە ژیانی سیاسیی کوردستان کە هیشتا لەژیر دستەلاتی دەرەبەگەکان نەجاتی نەببوو ناسیونالیزمی بورژوازییش نەیتوانیبو بەسەریدا زالبی، ئیدیولوژیی چینی کریکار نفوزی تیدا کرد.

سەردەمی حکومەتی رەزاشا ستەمی چینایەتی لەسەرتاسەری ئیراندا بیوچان پەرەی سەند. ژمارەیەك دەرەبەگ وسەرمایەداری سەر بەئیمپریالیزم بەسەروکایەتیی خانەدانی پەهلەوی وەکو رموزن سواری ئەستوی خەلکی رەنجبەری ئیران بون. باوجودی دیماگوژیی رەزاشا لەبارەی «سەربەخویی» کاتی پاشایەتیی ئەم دیکتاتورە خوینخورەکە بەدەستی ئینگلیسەکان بەسەر خەلکی ئیراندا برابو دەستەلاتی ئیمپریالیزم لەئیراندا بەتینتربو، سالی ۱۳۱۰ مەجلیس بەئەسپاردەی رەزاشا قانونی دژی کوممونیستیی کەبە «قانونی رەش» مەشورە پەسند کرد. ئەمدیکتاتورەکە گەلەکانی ئیرانی سەرکوت دەکرد

کوردستانیان هینا. قازی‌محەممەد، سەیفی‌قازی، سەدری‌قازی، شیرزاد، فاروقی، مازوجی، نەغەدەیی، شەجیعی، فەیزوللابەگی، روشەنفیکر و دەها رولەی بەدیمەنی‌تر لەسیدارەوە هەلاوەسران. دەستکەوتە دیموکراتیکەکانی گەلی‌کوردمحوکراوە. چاپخانەی «کوردستان» بەتالان‌برا. چاپەمەنیە کوردیەکان ئاورتی‌بەردران. ژمارەییکی زور پیشمەرگە و دیموکرات و نوسەر و هونەری کومەلایەتی پەرەوازەی هەندەران‌بون.

قازی محەممەد شەوی ١٠ـی‌خاکەلیوەی ١٣٢٦ سەعاتی چوواری پاش نیوەسەو بەدزی خەلکەوە لەمەیدانی «چووارچرای» مەهاباد کە بەچەندریزە سەرباز دەورەدرابوئیعدام‌کرا.سەرهەنگ ئەمیرپەرویز کەلەم جنایەتە خویناویەی حکومەتی تاران لەنزیکەوە ئاگادار بو دەگیریتەوە: چەندکار بەدەستی سەفارەتی ئامریکا لەگەل سەرهەنگ پارسی تەبارچوبونەلای‌قازی‌وپی‌یان‌گوتبوئەگەر بیتو لەسەر مەسەلەی کورد سیاسەتی ئامریکا بەجی‌بگەیینی لەئیعدام نەجاتت دەبی. قازی لە وەلامدا گوتبوی «من‌دورونیمو چاویشیم چاك‌دەبینی...من‌بیروباوەر و مەسلەکی خوم‌ناگورم. من‌ناتوانم خەیانەت بەنەتەوەکەم بکەم...من‌و نەتەوەکەم دەستی برایەتی‌و دوستایەتیی‌یەکەتیی شورەویمان‌گرتووە وئەمە وەزیفەی موقەددەسی ئیمەیە...» هەرئەم سەرهەنگ ئەمیرپەرویزەکە، کاتی ئیعدامی قازی‌محەممەد لەوی‌حازر بووەدەگیریتەوە. «کاتیك قازی‌محەممەدیان‌هینا سەرکورسیی سیدارەوەدەسرەیان هیناکە چاوی ببەستن نەیهیشت و گوتی ئەی خائنین ئەمن لەحاست نەتەوە و نیشتمان شەرمەندەنیم‌تاچاوم ببەستن.من‌دەمەوی‌لەم دەقیقە دوایی‌یەی ژیانمدا بەسەربەرزیەوە لەتاریکایی نیشتمانی خوشەویست و جووان ودلگیرم بروانم. ئەمن کوری سادق وفیداکاری‌نەتەوەکەم بوم‌وهەم.بژی نەتەوەی کوردا بژی رزگاریی کوردستان!»

٣ـلەبارەی داهاتو و ئەرکی تیکوشەرانی شورشگیری کوردستان

بزوتنەوەی ٢ـیری‌بەندان وحکومەتی نەتەوایەتیی کوردستان ویا بەوجورەی‌کە ٣٠ساڵە پیرولاوی کوردستان بەخوشەویستیەوە دەلین‌ـ کوماری مەهابادـخاوەنی ریزەسروشتیکی تایبەتی‌بون‌کە ئەم بزوتنەـ وەیە لە تەواوی بەسەرهاتە سیاسیەکانی رابردوی گەلی‌کورد جیا دەکاتەوە. گرینگترینی ئەمسروشتە تایبەتی‌یانە ئەمانەن:

(١)بوجاری یەکەم لەمیژوی‌کوردستاندا جولانەوەی ٢ـیری‌بەندان لەژیر سەروکایەتیی حیزبیکی شورشگیری دیموکراتیکدا کەحیزبی دیموکراتی کوردستان‌بوریك‌خراوسەرکەوتوبو. ئەمەیش‌بەنورەی‌خوی لە سروشتی چینایەتیی ئەم جولانەوەیەوە سەرچاوەی دەگرت.

(٢)بزوتنەوەی ٢ـیری‌بەندان سەروکایەتیی بی‌شەریکی چینی دەرەبگ و عەشیرەتی‌کە تائەودەمە بەسەر ژیانی سیاسیی کوردستاندا زال‌بون تیك‌شکاند ونوینەرانی راستەقینەی گەلی‌کوردی‌هینا ریزەکانی پیشەوەی خەباتەوە. هیزی رابەر وجولینەری‌بزوتنەوەی ٢ـیری‌بەندان چین‌وتویژە نیشتمانیەکانی گەل‌وبەرلەهەمووان زەحمەت‌کیشان بون.

(٣)بزوتنەوەی ٢ـیری‌بەندان دەزگای حکومەتی کونەپەرستی سەربە ئیمپریالیزمی لەبەشیکی کوردستاندا تیك‌روخاند ولەجیگایی‌وی دەزگای حکومەتی نەتەوایەتیی دیموکراتیکی‌دامەزراند کەبەگەل پشت ئەستوربو وبەگەل خزمەتی دەکرد.

(٤)بزوتنەوەی ٢ـیری‌بەندان وحکومەتی‌خودموختاری کوردستان لەژورەوەی ئیراندا بەحیزبی تودەئیران وجولانەوەی ئازەربایجان و هیزە دیموکراتیکەکانی دیکەی ئیران ولەدەرەوەی ئیراندا بەجیهانی سوسیالیزم وبەیەکەتیی شورەوی کەهیزی ناوەندیی ئەمجیهانەیە.

هەروەها بەجولانەوەی کوممونیستی وکریکاریی جیهانیوبە بزوتنەوەی رزگاریی نەتەوایەتیی گەلەکانی جیهانەوە پالیدابو.

(٥) بزوتنەوەی ٢ـیریبەندان مەسەلەینەتەوایەتیی گەلی کوردی وەکو بەشیك لەجولانەوەی گشتیی شورشگیرانەی ئیران وتابیعی ئەم جولانەوەیە لەبەرچاودەگرت ولەناوچوارچیوەی قازانجەبنەرەتیەکانی ئەم جولانەوەیەدا ئەم مەسەلەیەی جیبەجیدەکرد. چونکە حیزبی دیموکراتی کوردستان بەلیکدانەوەی زانستیی وەزعی جیهان و ئیرانو تەجروبەی وەلاتەکانیتر بەقولی بەمەبروای هەبوکە تاقەریگای حەللی بنچینەیی مەسەلەی نەتەوایەتی لەئیراندا سەرکەوتنی شورشی سەرتاسەری ئیرانە.

(٦) ریوشوینیکینوی کە بزوتنەوەی ٢ـیریبەندان لەمیژوی گەلی کورددا دایناەمەبوکەبیروباوەری ئینتیرناسیونالیستی گەلەگیانیئەم بزوتنەوەیەدا رەخنەی کردبو هەتادەهات پترپەرەی دەسەند.

(٧) ییکیکیتر لەو سروشتەنویانەکە بزوتنەوەی ٢ـیریبەندان بەشیوەییکی بنەرەتی لەبەسەرهاتنەکانی میژوی رابردوی کوردستان جیادەکاتەوە ئەمەبوکە ئەمبزوتنەوەیەخاوەنی پروگرامی ئیسلاحاتی دیموکراتیکی سیاسی، ئابوری، کومەلایەتی وفەرهەنگی بووبەهوی بەجیگەیاندنی ئەمپروگرامە سودی ماددیو مەعنەویییخوی بەکومەلانی مەزنی گەلی کورد گەیاند.

ئەمانە ژمارەییك لەوسروشتە تایبەتیە گرینگانەی بزوتنەوەی ٢ـیریبەندانکەتا ئەوکاتەشوینی نیوەچلی هیندیکیان لەبزوتنەوەی گەلی کورددا بینرابو:بەلام هەموی لەییكجی لەهیچ بزوتنەوەییکیتردا وجودی نەبووە. بەمجورە ئەساسیکی تەواومان بەدەستەوەهەیە بو ئەمەکە بلیین بزوتنەوەی ٢ـیریبەندان نوختەی وەرگەرانیبنەرەتیە لەمیژوی گەلی کورددا. گەلی کورد کەبەروناکی هەستیبەمە کردووە چلەروژەخویناویەکانی زستانی ١٣٢٥ وبەهاری ١٣٢٦ـداو چلەسالە-

کانی دواییدا هەمیشە لەتەجروبە و بیرووەریی بزوتنەوەی ٢ـی ریبەندان هیزو ئیلهامی وەرگرتووە. زورداران مردنوسوتان نەیانتوانی ئاواتی ئازادیو بیروەریی کومارە خوشەویستەکەی مەهاباد لەدلی خەلکی دەرکەن.

گەلی کورد تاقەروژیك خەباتیخوی پەك نەخست. پاشهیرشە خویناوەیەکە بوماوەییکی کورتشلەژانیکی تەبیعی کوردستانیداگرت. بەلام هیندەی پینەچو کەرولەنەبەزەکانی کوردستان بەیارمەتیی برایانەی حیزبی تودەی ئیران ریکخراوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان زیندوکردەوە وکوششتی سازمانی وتەبلیغاتییان دەست پیکردەوە.

ژیانی کومەلی ئیران بەگشتی وخیرایی دەگورا. پەرەسەندنی پیوەندیی سەرمایەداری توندوتیژتربو. دابەشبونی کومەل بەچینە جیاوازەکان، بەچەوساوە وچەوسینەر، بەحاکم ومەحکوم قولتر و بەرینتربووە. کاتیك کەگەلەکانی ئیران بونەتەوایەتی لیکردنیسەنعاتی نەوت راپەرین گەلی کوردیش لەمخەباتە گشتیەدا دەوری بالای گیرا. هەرلەم سالانەدابو کەلەمیژوی نویی کوردستاندا جولانەوەی بەرینی لادیییان لەدژیدەرەبەگەکان پەرەیسند. ئەمخەباتەبەجیگاییك گەیشت کەبەتایبەتی لەمەلبەندی بوکان وچەند جیگایتر لادیییەکان لە بەرانبەر پەلاماری هوردوی دەولەتدا ناچار دەستیان بوچەك برد و دەرەبەگەکان وکاربەدەستانی دەولەتیان لەدییەکان دەرکرد. خەبات وتیکوشین وەکو مەکتەبیکی کومەلایەتی نەسلیکی شورشگیری نویی لەکوردستاندا پیگەیاند.

هەرچەند کودیتای ٢٨ـی گەلاویژی ١٣٣٢ زەربەییکی قورسی لەبزوتنەوەی نیشتمانی و دیموکراتیکی سەرتاسەری ئیراندا. بەلام لەهیچ جیگاییکیئیران ولەوجوملەیەلەکوردستانخەبات پەکی نەکەوت کاتیك ژیردەستەکانی ئیمپریالیزم بوخنکاندنی دەنگی گەلەکانو

و نانەوەی ئاژاوە لەدژی ئاشتیی جیهان پەیمانی بەغدایان دروست کرد
یەکەم گەلکە لەمەلبەندی روژهەلاتی ناوەراست لەدژیئەم پەیمانە
راپەری گەلی کوردبو. لەمخەباتە پرمانایەدا بەتایبەتی عیلیقارەمانی
جوانرو دەوریکی گەورەی گیرا.

کاتی سەرکەوتنی شورشی ١٤ـی تەموز لەعیراق، لەوسەروبەندەدا
کەرژیمی کودیتا لەناوناکوکیەکانی خویدا هەناسەی لیدەبرا وحەمەـ
رەزاشا بەئەسپاردەی ئاغا ئیمپریالیستەکانیو بەهەزاردودلیو ترسو
لەرزەوە خویبو «شورشیسپی» ئامادەدەکرد وهەروەها لەسالەکانی
ئەم «شورشە» داتاشراوەداگەلیکورد لەسەنگەری خەباتا شانبەشانی
تەواوی گەلە براکانی ئیران راوەستابو.

«شورشیسپی» کەشا لەترسی شورشی راستەقینەی سوربەسەر
ئیرانیدا سەپاند لەراستیدا ئیسلاحاتیکینیوەچلوکەلەکی بورژوایییەو
لەگەلی جیهەتەوە خاوەنی روشتی ئیستیعماریینویە، حەمەرەزاشا
دەیەویت بەهوی ئەم ئیسلاحاتە داتاشراوە ئیران لەریگای پەرەسەندنی
دیموکراتیك لابدات و سەرمایەداریی سەربە ئیمپریالیزم بەسەروەلاتدا
ببریت.

پەرەسەندنی سەرمایەداری خوبەخوئاوەروکی کومەل دەگوریت.
لەوجوملەیە جولانەوەی رزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کورد
هەتادیت ناوەروکیکی قولتری چینایەتی پەیدادەکات. ئەمناوەروکە
نویە بەپیچەوانەی ئاواتی چینی دەستەلاتدار بزوتنەوەی گەلیکورد
لەپلەی نزمەوە بو لایپلەی بەرز وبەرزتری نوی بەرەوپیش دەبات.

مەبەستیکی بنەرەتی کەلیرەدا دیتەپیش رونکردنەوەی وەلامی
ئەم پرسیارەیەکە ئایاگەلیکوردلەکامریگاوە لەدیلی وبیبەشینەجاتی
دەبیت؟ لیك دانەوەی وەزعی جیهانو ئیران وتەجروبەی وەلاتانیتر،
بەتایبەتی وەپاشکەوتویی ئابوریی کوردستان بیشك ئەم مەسەلەیە
ئیسبات دەکاتکە کوردستان بەتەنیا لەریگای پەرەسەندنی غەیری

سەرمایەداریەوە. لەریگاییکەوە کەبە شیوەییکی شورشی بەرەو سوسیالیزم بروات لەوەپاش کەوتویی وبی‌بەشی‌ودیلی رەزگاردەبی. هیچ کەس نابی‌شکی لەمەدابی کەمانای‌رویشتن بەریگای سەرمایەداریدا بو کوردستان وهەورەهابوسەرتاسەری‌ئیران‌بریەتیەلەنوقم‌بون لەباتلاغی وەپاشکەوتویی و دەست‌بەسەریدا. بەم‌جورەبەئاشکیرای دەردەکەویت کەسیاسەتی حەمەرەزاشا کەهەول دەدات بەزورداری ئیران بەریگای سەرمایەداریدا ببات‌لەبنج‌وبناوانەوەموخالیفی‌ئەوریگایەیەکە قازانجی گەلی‌کورد وتەواوی گەلەکانی دانیشتوی ئیران داوای‌دەکات.

لیرەوەیەکە لەنیوان گەلەکانی ئیران ورژیمی حەمەرەزاشادا لیك‌هەل‌ئەنگوتنیکی ئاشت نەبووە سەرهەلدەدات. حەمەرەزاشا بو سەپاندنی سیاسەتە خائنانەکەی‌خوی‌بەسەرگەلەکاندا بەقەدرایی کیویك باروت و ئاسنی لەئیراندا هەمبار کردووە وسەرتاسەری ژیانی ئابوری، سیاسی، نیزامی و فەرهەنگیی ئیرانی ناوەتە ژیردەست وبارمتەی ئیمپریالزمەوە وبەم‌جورە هەول‌دەدات‌هەتابوی بکریت ریگرە ئیمپریالیستەکان لەئیراندا لەگەل‌خوی هاوقازانجکات تابوخاتری ئەم‌قازانجە گشتیە گلاوە لەرژیمە گەنیوەکەی پاریزگاری بکەن. لەبەرانبەردا گەلەکانی ئیران وهیزە دیموکراتیك و شورشگیرەکانی وەلات هەول دەدەن وەلاتەکەیان لەچنگ ئەم‌ریژیمە خائنە رزگارکەن و ریگای بەختیاریی خویان بگرنەپیش.

حەمەرەزاشا ماوەییك بوپاراستنی رژیمەکەی لەگەل تیرور و کوشت‌وبر لەدیماگوژیی ئیسلاحاتیش سودی‌وەردەگرت. بەلام ئیستا ماوەییکە کویرەکانیی ئیسلاحاتەکەی وشکاوەوبوراگرتنی‌حکومەتەکەی تەنیا تیروری بەدەستەوەماوە. بەحیسابی ناوەراست لەم‌چەند سالەی دوایی لەئیراندا جیالەوانەی بەدزیەوە دەگوژرین هەرحەوتەی یەك‌ویا دو ئیرانی بەتاوانی موخالیفەت لەگەل رژیمی نیشتمان‌فروشی شا بەرەسمی ئیعدام دەکری. ئیستا لەئیراندا دەستی کەم ٤٠ هەزار گیراوی

سیاسی هەیە. حەمەرەزاشاکە هەتادیت پر لەدژی گەل رادەوەستیت بە-
ئاشکرا کەوتوتە سەرکویرە ریی فاشیزم وبەهوی «حیزبی رەستاخیزی
میللەتی ئیران» کە داروەدستەییکی شیوە فاشیستیە ئاخرین مافی
مروایەتیی خەلکی ئیران زەوت کردووە.

سروشتی فاشیستی و سیاسەتی کونەپەرستیی حەمەرەزاشالەبارەی
گەلی کورد بەشیوەییکی توندوتیژتر وئاشکراتر خوی نیشان دەدات.
مەسەلەن لەسالی ١٣٣٦-١٣٣٧-دادەولەت پترلەسەدی ٨٩-ی
ئیعتباررەکانی بەئوستانەکانی تاران، خوراسان، فارس، ئیسفەهان، و
مازەندران دابو، بەلام لەسەدا ٢٩,٠-ی (یانی نزیکەی سی ییکیکی لە
سەدای ییك) بو دوئوستانی کرماشان وسنەبردابو. لەییکیك لەسالەکانی
دوایی دا پترلەسەدی ٨٥-ی قەرزە دەولەتیە گەورەکان ونزیکەی لەسەدا
٦٨-ی قەرزە دەولەتیە پچوکەکان بەچەند ئوستانی ناوەندی دراوە،
بەلام قەرزیك کەبەکوردستان دراوە. کەمیك پترلەسەدا ٤ی قەرزە گەورەکان
و نزیکەی لەسەدا ٨-قەرزە پچوکەکانن بو. لەئوستانی کرماشان
نزیکەی لەسەدا ١١-ی خەلك ولەئوستانی سنە کەمیك پترلە سەدی ٦-ی
خەلك سەوادیەیە. بەلام لە ئوستانی ناوەندی لەسەدا ٣٢-ی خەلك
خاوەن سەوادن. لەئیراندا بەحیسابی ناوەراست بوهەر ١٠ هەزار کەس
دانیشتو ٢٥,٤ کەس خویندنی ژوروی بەتەواوی ویا نەتەواوی تەواو
کردووە. بەلام ئەم حیسابی ناوەراستە بوهەر ١٠ هەزار کەس،
لەشاهابادی غەرب ٠,٥ کەس، یانی نیوەپیاویکە.

لەم چەندسالەی دوایی دا گەلی کورد لەروی تاوانی حەمەرەزاشاوە
چەندین جارتوشی فاجیعەی خویناوی بووە. ئەوبەسەرهاتانەی کەبە
کوژرانی سولەیمانی موعینی و مەلائاوارە و دەها نیشتمان پەرستی ترو
بی سەروشوین کرانی ژمارەییك تیکوشەر تەواوبو تەنیا شانوییك لەم
کردووە خویناویەی حەمەرەزاشابون. حەمەرەزاشا سەرتاسەری کورد-
ستانی بەهوردو و ژاندارم وجاسوس ئاخنیوە و زوربەی دانیشتوانی

لەژیر ملوموی سازمانی پیاوکوژی ئەمنییەتدا داناوە. رژیمی گونە-
پەرستی تاران بوئامانجی تەبلیغاتی ژەهراویی خوی چەندین رادیو و
تلویزیونی کوردیی داناوە کە لەژیرچاوەدیریی سازمانی ئەمنییەتدان و
سیاسەتی دژی گەل بەجیدەگەیینن بەلام لەم حالەدا بەتاقە مەدرەسەیەکی
کوردی ویا روژنامەیەکی کوردی کەئاواتی گەل رابگەیینیت ئیجازەنادات.

ئەو دوژمنایەتییەی کە حەمەرەزاشا لەگەل گەلی کوردستانی عیراقی
کرد جیالە کونەپەرستی هەورەها پەست فیترەتیی ئەم پیاوکوژە
نامەردەی نیشاندا. حەمەرەزاشا بەهوی جیناحی راستی سەروکایەتیی
بزوتنەوەی کوردستانی عیراق ئەم بزوتنەوەیەی لەوریگائوسولیە دەرکرد
کەکاتی خوی ٢ـی ری بەندان بوبزوتنەوەی تەواوی گەلی کوردی دیاری
کردبو. حەمەرەزاشا و سەهیونیزم و ئیمپریالیزم بەهوی جیناحی راستی
بزوتنەوەی کوردستانی عیراق ئەم بزوتنەوەیەیان لەهاوسەنگەر و
موتتەفیقە ئەبیعیەکانی خوی، یانی لەحیزبی کوممونیستی عیراق و هیزە
دیموکراتیکەکانی تری ئەووەلاتە وجیهان جیاکردەوە. لەریگای دیموکراسی
ودژی ئیمپریالیستی هەلەیان کرد و خستیانەسەر کویرەریی دژی
کمونیستی و دژی شورەوی وبەمجورە لەهەلدیرگەی شکستەوە هەلیان
داشت. حەمەرەزاشای «ئاریامهر» بوغافل کردنی خەلکماوەیەك لەبارەی
«هاونیشتمانی ئەودیوی سنور» و «هاونیشتمانی ئاریایی نەژاد» رەجەزی
خویند. بەلام هەرکە جولانەوەی کوردستانی عیراقی توشی ئەم فاجیعەیە
کرد بی ئەوەی لەبیروباوەری گشتی شەرمبکات لەچەندین سکالای
چاپەمەنیدا وەکو دەللالیکی بی ویجدانی بازاری بی پەردەپی لەوەناکە
بەزانستە گەلی کوردستانی عیراقی بەمروژە بردووە.

ئەمرەوتەخەیانەتاویەی جیناحی راستی سەروکایەتیی بزوتنەوەی
کوردستانی عیراق جیالە وفاجیعەیەی کە توشی کوردستانی عیراقی کرد
هەروەها بوبزوتنەوەی بەشەکانی تری کوردستانیش ریزەچەوتی و
چەتونییەکی پیکهیناوە. ئەرکی نیشتمانی تیکوشەرانی شورشگیری

کوردستانه که‌به‌وردی سه‌رنجی میژوبده‌ن و به‌سه‌ر ئه‌مچه‌وتی و چه‌تونیانه‌دا زال‌بن.

حیزبی توده‌ی‌ئیران که‌حیزبی مارکسیست–لینینیستی چینی کریکاری ئیرانه به‌ئه‌رکی هه‌ره‌واجبی سه‌رشانی‌خوی ده‌زانیت‌که به‌هاوکاری و یارمه‌تیی ته‌واوی هیزه‌نیشتمانی و شورشگیره‌کانی وه‌لات ریگای رزگاریی ته‌واوی گه‌له‌کانی دانیشتوی ئیران رون‌بکاته‌وه و ره‌گه‌زی ستەمی کومه‌لایه‌تی و نه‌ته‌وایه‌تی له‌جامیعه‌ی ئیران هه‌لکه‌نیت. به‌رنامه‌ی نویی حیزبی توده‌ی‌ئیران‌که له‌پلینومی ۱۵–مدا په‌سندکراوه دروشمی روخاندنی رژیمی دژی نیشتمانی و دژی دیموکراتیکی حه‌مه‌ره‌زاشای به‌رزکردوته‌وه ورای‌گه‌یاندووه‌که ده‌بی‌له‌ئیراندا رژیمی کوماری نه‌ته‌وایه‌تیی دیموکراتیك دابمه‌زریت و ئه‌م‌کوماره ده‌بی له‌ریگای زانستیه‌وه به‌ره‌و سوسیالیزم بروات.

له‌به‌رنامه‌ی حیزبی‌توده‌ئیراندا مه‌سه‌له‌ی نه‌ته‌وایه‌تی جیگاییکی گرینگده‌گریته‌وه. له‌ویدا گوتراوه:

«ییکیکی‌تر له‌دیارده‌کانی سیاسه‌تی دژی‌دیموکراتیکی هه‌یئه‌تی حاکیمه به‌جی‌گه‌یاندنی ستەمی نه‌ته‌وایه‌تی له‌دژی گه‌له‌کانی ئیرانه. ئیران وه‌لاتیکی فره نه‌ته‌وه‌یه‌و رشته‌ی جوربه‌جور گه‌له‌کانی دانیشتوی ئیران به‌ییکه‌وه پیوه‌ندئه‌دات. ئه‌م گه‌لانه‌به‌دریژایی سه‌ده‌دورودریژه‌کانی میژوچاره‌نوسیکی گشتی‌یان‌له‌گه‌ل‌ییك‌بووه وله‌پیك‌هینان‌ودامه‌زراندنی فه‌رهه‌نگی ده‌وله‌مه‌ندی ئیران‌دا له‌گه‌ل ییکتیرهاوکاریان‌کردوه و له‌ریگای سه‌ربه‌خویی ئازادیدا شان‌به شانی‌ییکتر فیداکاری بی‌ژماره‌یان نوواندووه. قازانجی بنه‌ره‌تی گه‌له‌کانی ئیران له‌پیاوی خه‌بات له‌دژی ئیمپریالیزم وکونه‌په‌ره‌ستی‌دا له‌گه‌ل ییك‌تیکه‌لاوده‌بیت. به‌لام له‌نه‌تیجه‌ی ستەمی نه‌ته‌وایه‌تیدا ته‌واوی ئه‌م گه‌لانه له‌مافی به‌رحه‌قی خویان به‌شدارنین. ستەمی نه‌ته‌وایه‌تی به‌رهه‌لستی دابین‌کردنی ییکه‌تیی قولی‌نیوانی گه‌له‌کانه و ناهیلیت‌که

وەلات لەباری سیاسی و ئابوری و فەرهەنگیەوە بەشیوەییکی هەمولایی پەرەبگریت.»

لەوبەشەی بەرنامەی حیزبی تودەی ئیراندا کەباسی بەرنامەی کوماری نەتەوایەتیی دیموکراتیکی ئیران دەکات نوسراوە:

«حکومەتی کوماری نەتەوایەتیی دیموکراتیکی ئیران لاگری ییکەتیی گەلەکانی ئیران لەسەربنەرەتی موافیقەتی دلخوازانەیە و لەسەرئەم بروایەیەکە بوپیکهینانی ییکەتی ییکی راستەقینەو مەعنەوی لەنیوان گەلەکانی ئیراندا لەسەر ئەساسی بەرانبەری و دوستیدەبی ستەمی نەتەوایەتی ریشەکەن بکریت. لەبەرئەمە حکومەت لەبارەی چارەکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی ئەم ئوسولەی خوارەوە دەکاتەپایەی کاری خوی:

الف) دابین کردنی مافی تەواو وکەمالی گەلەکانی ئیران بودیاری کردنی چارەنوس.

ب) ناسینی مافی کەمایەتیە نەتەوایەتیەکانی دانیشتوی ئیران بوبەشداربون لەتەواوی مافی نەتەوایەتی، کومەلایەتی و فەرهەنگیی خویان.»

لەوبەشەی بەرنامەی حیزبی ئیراندا کەباسی سازمانی دەولەتیی کوماری نەتەوایەتیی دیموکراتیکی ئیران کراوەگوتراوە:

«کوماری نەتەوایەتیی دیموکراتیکی ئیران بەبەرەی ییکگرتوی هیزە نەتەوایەتی ودیموکراتیکەکانی کومەل...پشتئەستورە ولەسەر ئەساسی ییکەتیی دلخوازانەی تەواوی گەلەکانی ئیران لەسەربنەرەتی بەرانبەری تەشکیل دەدریت.»

«دەبی لەتەقسیم بەندیی ئیستای ئیراندا لەسەرپایەی نەتەوایەتیی دانیشتوانی مەلبەندە جیاوازەکانی وەلات ولەسەر بنەرەتی دیموکراتیک تەجدیدی نەزەرە بکریت و لەهەر واحیدیکی نەتەوایەتیدا مەجلیسی نەتەوایەتی بوبەجی گەیاندنی مافی خودموختاری تەشکیل بدریت.»

بەمجورە حیزبی‌تودەی ئیران لەسەربنەرەتی مارکسیزم-لینینیزم وبەشیوەییکی ئوسولی وبەپیی‌مەرجەکانی‌ئیستای جیهان و ئیران‌ریگای چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتیی دیاری‌کردووە. بەرنامەی حیزبی تودە ئیران لەلایەن تەواوی گەلەکانی ئیرانەوە بەگەرمی پیشواز دەکریت. ئەمبەرنامەیە تەواوی گەلەبراکانی ئیران لەژیر ئالای‌حیزبی تودە ئیراندا ریکدەخات ولە ییکەتیی‌ئەوان هیزیکی کولنەدەر پیك دەهینیت.

حیزبی تودەئیران تەواوی ریکخراوەوهیزەنیشتمانی‌و شورشگیرەکانی ئیران بوییکەتی و هاوکاری لەدژی رژیمی‌شا و ئیمپریالیزمی پشتیوانی‌وی بانگدەکات. کولەکەی ناوەندیی ییکەتیی تەواوی هیزە نیشتمانی و شورشگیرەکانی ئیران‌ییکەتیی حیزبی‌چینی کریکاری‌ئیرانە. حیزبی تودەی‌ئیران بەپیی‌دەرفەت و ئیمکاناتیك کەهەیەتی بەخەباتی گەلی نەبەزی کوردو هیزەشورشگیرەکانی کوردستان یارمەتی دەکات. حیزبی تودەی‌ئیران میژوی بزوتنەوەی ئازادیخوازی و دیموکراتیکی گەلی کورد بەبەشیك لەمیژوی شورشی سەرتاسەری ئیران دەژمیریت، پاراستن ورون‌کردنەوەی ئەمیژووە بەئەرکی سەرشانی خوی‌دەزانیت. لەئاگاداری‌ییکدا کەبەبونەی ۳۰-مین‌سالی بزوتنەوەی ۲-ی‌ری‌بەندان لەلایەن کومیتەی ناوەندیی حیزبی تودە ئیرانەوە بلاوکراوەتەوە گوتراوە:

«حیزبی‌تودە ئیران خەباتی قارەمانانەی حیزبی‌دیموکراتی کوردستان بەعامیلیکی گرینگی بەستنی ریگای دیکتاتوری و دابین‌کردنی دیموکراسی لەسەرتاسەری ئیرانداەزانیت وبزوتنەوەی ۲-ی‌ری‌بەندان بە بەشیکی جیانەبووەی جولانەوەی دیموکراتیکی تەواوی خەلکی‌ئیران دەژمیریت. حیزبی ئیمە لەسەرئەم بروایەیەکە...ریشەکەن‌کردنی ستەمی نەتەوایەتی تەنیالەناو چوارچیوەی سەرکەوتنی جولانەوەی دیموکراتیك و دژی ئیمپریالیستی‌سەرتاسەری ئیراندا مومکین دەبیت.»

لەهەڵومەرجی چەتونی خەبات لەدژی رژیمی‌تیرور و خنگاندنی حەمەرەزاشادا حیزبی‌تودەی ئیران—حیزبی واحیدی چینی‌کریکار لە سەرتاسەری ئیران کومەك‌بەژیانەوەی ریکخراوەکانی‌حیزبی دیموکراتی کوردستان بەیەکبك لەگرینگترین ئەرکەکانی‌خوی‌دەزانیت وبەم‌ئامانجە تەواوی تیکوشەرە شورشگیرەکانی‌کورد لەئیراندا بانگ دەکات‌کەبە لەبەرچاوگرتنی ری‌وشوینی کاری‌نهینی وریگانوینیە سازمانیەکان گروهی جیاجیای‌حیزبی‌دیموکراتی‌کوردستان دامەزرینن ولەگەڵ‌ناوەندی حیزبی تودەی ئیران پیوەندرابگرن.»

لەپەیامیکی تایبەتیداکە ٢٣—ی‌بانەمەری ١٣٥٤ لەلایەن کومیتەی ئاوەندیی حیزبی تودەی‌ئیرانەوە بوتیکوشەرانی گەلی‌کوردستانی ئیران ناردراوە گوتراوە:

«ئیمە تەواوی تیکوشەرانی شورشگیری کورد لەئیراندا بانگ دەگەین کەوەکو تیکوشەرانی شورشگیری ئازەربایجان وگەلەکانی تری ئیران لەگەڵ حیزبی تودەی‌ئیران یەك‌بگرن و سوننەتی شورشیی یەکەتیی سازمانی و سیاسیی حیزبی‌دیموکراتی‌کوردستان لەگەڵ‌حیزبی دایك—حیزبی گشتیی‌چینی کریکاری ئیران سەرلەنوی زیندوبکەنەوە».

شکی‌تیدانیە تیکوشەرانی شورشگیری کوردستان—ئەوانەی‌کە لەسەربنەرەتی قازانجی‌گرینگی ئەورولەپاشەروژی گەلی‌کورد بیردەکەنەوە—بەدلیکی‌گەرمەوە بەرەوپیریی‌پیشنیاری حیزبی‌تودەی‌ئیران دین وبو پاراستن وپەرەپیدانی ئەوئوسولەی کە٣٠سال لەمەوپیش ٢—ی‌ری‌بەندان دای‌ناوە بی‌ماندوبون وبی‌پرینگانەوە لەچەوتی‌وچەتونی تیدەکوشن. چونکە ئەمریگایە تاقەریگای رزگاریی گەلی‌کوردە.

هەواڵنامەی کتێب

لەچاپ کراوەکانی کومەلی دیموکراتی ئازەربایجان–
ریکخراوەی حیزبی تودەی ئیران لەئازەربایجان

هەواڵنامەی کتێب

ئاپریلی ١٩٧٦